

# فاکتەری کوردو هاوکێشە نوێیەکانی ناوچەکە



هێمن هەورامی
بۆ گوڵانی نووسیوە



ماوەیەکە، تێبینی ئەوەم کردووە کە باس کردنی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رەهەندەکانی مامەڵەی کورد لەگەڵ هاوکێشەکانی ناوچەکەو کارتێکردنی راستەوخۆ و ناراستەخۆی جووڵەی کورد و ستراتیژی وڵاتان بۆ ئەم پرسە، بووەتە تەوەری زیاتر گفتوگۆ لێکردن لە ناو زۆرێک لەو کۆنفرانس و مونتەدا سیاسی و فیکرییانەی کە لە بارەی هاوکێشە نوێیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەبەسترێن.

بەڵام، خۆمان وەک کورد لەم قۆناغەدا، کەمتر لە رەهەندە ستراتیژییەکانی هاوکێشە نوێیەکان دەدوێین و شەن و کەویان ناکەین و کەمتر لە پەیوەندی دوولایەنەی هاوکێشە نوێیەکان و فاکتەری کورد و کاریگەری هەردوولا لەسەر یەکتر، کەمتر دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە.

هەرچوار پارچەی کوردستان، لە ناوچەیەکی جیۆستراتیژی گرنگی وەهای جیهاندان کە لەلایەکەوە رەوتی رووداوەکان کاریگەری لە سەر پێگەی کورد لە ناوچەکە دادەنێت و بە هەمان شێوەش، ئەگەر خۆمان دیدێکی رۆشنترو ئەجێندایەکی نەتەوەیی و یەکگرتوومان هەبێت و باش ریالیتەی دۆخەکە بخوێنینەوە و گەمەکەرەکان بناسین و تۆڕی بەرژەوەندییەکان بزانین و لە پەیوەندیی کایەکان و ناوکۆییەکان باشتر تێگەین، ئەوا دەتوانین ئەجێندای خۆمان بۆ ئێستایەکی باشتر و ئایندەیەکی روونا کتر بۆ کوردستان دابین بکەین.

ئێمە لە ناوچەیەکداین، کە بریژینیسکی ناوی لێناوە بەڵکانی نوێ The New Balakan خەسڵەتی سەرەکی ئەم ناوچەیەش ئەوەیە کە ململانێی زۆری تێدایە، ئاڵۆزکاوە، ململانێی دینی زۆری تێدایە، دەرگای بۆ دەستێوەردان و نەخشی زلهێزەکانی جیهان تێیدا کراوەیە، رووبەڕوو بوونەوەی راستەوخۆی زلهێزەکان نییەو ململانێیەکان زیاتر لە شێوەی شەڕی بە وەکالەتن، بەڵام بەریەککەوتن و کاریگەری ناراستەوخۆی زلهێزەکان هەیە، گەمەکەری نوێی هەیە، گۆڕانێکی خێرا لە پێکهاتەی ریزبەندییەکان و توانای مانۆڕی پێکهاتەکان هەیە. هەموو ئەمانەش وا دەکەن، هاوکێشەکانی ناوچەکە لە گۆڕانی خێرا خێرادا بن و ناکرێت خێرایی ئەو هاوکێشانە، لەسەر راستەڕێی ستراتیژی قۆستنەوەی دەرفەت و نەهێشتنی هەڕەشەکان و دروستکردنی کیانی نەتەوەیی خۆمان بە رێگای ئاشتی و دیالۆگ و دروستکردنی سەرچاوەکانی هێزی مانەوە و گەشەپێدان وسەقامگیری و وەدیهێنانی خەونی نەتەوەیی، بە لاڕێدا بمانبەن و بە ئەجیندای بچووکتر سەرقاڵ بین و ئێنیرژی نەتەوەییمان لە مەیدانە لاوەکیەکان بەکار بێنین.

بۆ ئێمەی کورد، پرسی پەیوەندییەکانی ئەمریکا

**لەسەر ئێمەی کورد خۆمان دەوەستێت، کە فاکتەری کورد لە هاوکێشە نوێیەکانی ناوچەکە بکەینە فاکتەری کارتێکەر، یان وەک جاران بە فاکتەری کارتێکراو بمێنینەوە**

و روسیا لە ناوچەکە و ئەو ڕێککەوتنەی لەسەر چەکە کیمیاوییەکانی سوریا پێی گەیشتن و ئەگەری پەلاماری سەربازی بۆ سەر ڕژێمی سوریای دوورترخستەوە، پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا و گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەی ئۆباماو ڕۆحانی و دیداری وەزیری دەرەوەی هەردوولا و قسە و باسی ناو ناوەندەکانی ئەمریکا بەوەی کە ئۆباما و جۆن کییری سیناریۆی نێکسۆن و کیسەنجەری بەرامبەر چین، لەسەر ئێران لە ئێستادا دووبارە دەکەنەوە، ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و پرۆسەی ٥+١ و هەوڵەکانی ئێران بۆ دروست کردنی درز لە نێوان وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و گرفتی دارایی ئەمریکاو ئاشکرا بوونی سکانداڵی چاودێری هەواڵگرییەکانی ئەمریکا لەسەر ئەنگیلا مێرکل و ٣٥ سەرکردەی دیکەی جیهانی و کەسایەتییەکانی فەرەنسا و، پرسی ڕیزبەندی و بلۆکبەندی نوێی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییەکانی تورکیا- ئێران، ڕۆڵی هەرێمایەتی هەریەک لە ئێران و تورکیا و هەوڵەکانی تورکیا بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی سیاسەتی دەرەوەی و ئەجیندای ئیقلیمی و بانگهێشت کردنی مالیکی بۆ ئەنقەرە و پرسی سوریا و گفتوگۆکانی جنێڤ ٢ و، پرسی بەهێز بوونی تیرۆریزم و گروپەکانی سەربە قاعیدە لە ناوچەکەدا هەر لە سوریا-عێراق- یەمەن- ناوچەی سینا لە میسر- لیبیا- باکووری مالی- و لێکەوتە ئەمنییەکانی، پرسی دۆخی وڵاتانی ناوچەکە و دیموکراسییەت و سەقامگیری و گەشەسەندنی ئابوری ناوچەکە، ئاسایشی وزەی جیهانی و پێگەی سەرچاوەکانی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی بەرهەمهێنان - گواستنەوە -نرخ لەو هاوکێشەیەدا، ناکۆکییەکانی تورکیا و سعودیە وەک بلۆکێک لە بەرامبەر بلۆکی ئێران- سوریا، لە سەر پرسی پشتگیریکردنی ئیخوان لە میسر و لە سەرکارلادانی مورسی، نزیک بوونەوەی تورکیا و قەتەر و هەوڵەکانی سعودیە بۆ دەم چەورکردنی روسیا بەوەی کە بە بڕی ١٥ ملیار دۆلار چەکی روسی دەکڕن ئەگەر کەمێک روسیا بە قازانجی سعودی، سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە سوریا بگۆڕێت، هەموو ئەمانەو چەندین پرسی دیکەش، بۆ ئێمەی کورد بایەخی یەکجار گەورەیان هەیە کە دەبێت وەک نەتەوە لە ڕەنگڕێژ کردنی هەڵوێست و جوولەو مانۆرەکانی خۆمان بە بیرێکی ستراتیژی دووربینەوە، مامەڵەیان لەگەڵ بکەین.

ئێستا، پرسی سوریا و گفتوگۆکانی جنیڤ٢، پەیوەندی هەرێمی کوردستان وبەغدا بەتایبەتی پرسە هەڵواسراوەکان و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان و، پاکێجەکانی حکومەتی ئاک پارتی و ئایندەی پرۆسەی ئاشتی لە باکوور و پێکهێنانی کابینەی ٨ ی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆنگرەی نەتەوەیی لە ڕۆژەڤن . لە پرسی سوریادا، فاکتەری کورد دەبێت ئەجیندای خۆی هەبێت و هەڵوێستی کورد نابێت لە بازنەی ئەجیندای ئێران و سوریا و روسیا لەلایەک و یان ئەجیندای ئەمریکا و سعودیە و تورکیا و قەتەر و وڵاتانی دیکە بێت لەلایەکی دیکەوە. واتە بۆ کورد گرنگ ئەوە نییە جنیڤ٢ بە دەرئەنجامێک دەگات کە بەشار لە دەسەڵات ئەمێنێت یان نامێنێت. بۆ ئێمەی کورد پرسی شوناسی کورد و بە ڕەسمی ناساندنی و گرەنتی دەستوری لە سوریای نوێ و ستاتۆیەکی یاسایی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان گرنگە، ئیتر برایانی ڕۆژئاوامان لە شکڵی فیدراڵیەت داوا بکەن یان هەرجۆرە شکڵێکی دیکە کە بە پەسەندی بزانن و توانای بە دەستهێنانیان هەبێت، ئەمانە بۆ ئێمە گرنگن کە لایەنی کەم کورد بتوانێت لە جنێڤ ٢ی هەڵیکرێنێت. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەگەر ستراتیژی کورد لە ئێستا و پاش جنێڤ٢، بە ئاراستەی ڕێککەوتن بێت لەگەڵ ڕژێم یان شەڕی سەربازی بێت دژی ڕژێم یان بە تەواوەتی چوونە ناو ئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆن بێت یان هەر ڕێکارێکی دیکە بگیرێتە بەر، نابێت ئەو بڕیارە تەنها لایەنێکی کوردی سوریا بیدات، دەبێت ئەو بڕیارە ستراتیژیانە دەستەی باڵای کورد و بە بەشداری کردنی هەموولایەنەکانی ڕۆژئاوا بێت. لێرە ئەوپرسە دێتە پێش کە ئایا پەیەدە، ئامادەیە بەشێک بێت لە ئەجیندای کوردی یان لای پەیەدە ئەجیندای دیکە هەیە؟ بە داخەوە هەڵوێستەکانی پەیەدە و شێوەی سیاسەت کردن و نارۆشنی ستراتیژی پەیەدە بۆ پرسی کورد لە سوریا و ڕێگە نەدان بە هێزە کوردییەکانی دیکەی سوریا بۆ چالاکی سیاسی و جەماوەری و مانەوەی هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی سوریا لەو ناوچانەی پەیەدە باڵادەستن و پابەند نەبوونی پەیەدە بە ڕێککەوتنی هەولێر و دەستەی باڵای کوردەوە، هەموو ئەمانە ئاماژەی ئەوەن کە دەبێت لە پرسی سوریا و جنێڤ٢ و دواتریش، فاکتەری کوردی یەکگرتوو بێت و پەیەدە لەوە زیاتر لە دەرەوەی بازنەی ئەجیندای کوردی نەمێنێتەوە.

هەموو هاوکێشەکانی ناوچەکە بە هەر لایەکدا بکەون، کاریگەری لەسەر عێراق دادەنێن، بۆ ئێمەی کورد گرنگە، پێگەی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق بە جۆرێک بمێنێتەوە

> **برایانی رۆژئاوامان لە شکڵی فیدراڵیەت داوا بکەن یان هەرجۆرە شکڵێکی دیکە کە بە پەسەندی بزانن و توانای بە دەستهێنانیان هەبێت، ئەمانە بۆ ئێمە گرنگن کە لایەنی کەم کورد بتوانێت لە جنێڤ ٢ی هەڵیکرێنێت**

کە گرەنتی ئەوە بکات کورد وەک نەتەوەی دووەم وهاوبەشی راستەقینە لە هاوکێشەکانیدا بمێنێتەوە و بە بیانووی زۆرینەی سونەو شیعەوە، نەتەوەی عەرەب زەفەر بە پێگە و مافەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی نەبەن. بۆ ئەمەش گرەنتی، ئەوەیە کە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە جۆرێک هەموار بکریتەوە کە پێگەی هەریمی کوردستان و پێشکەوتوویی سیاسی و بەشداری سیاسی فراوانی خەڵکی کوردستان، عادیلانە لە بەرچاو بگیرێت. بۆ ئەمەش پرسی یەک بازنەیی و نرخی کورسی پەرلەمانی، پرسێکن کە یەکگرتوویی کوردی دەوێت و لێرەوە نابێت هیچ هێزێکی کوردستانی، بۆ ململانێی حزبی لە ناو کوردستان، پێگەی کورد لە بەغدا لاواز بکات.

لەمەڕ پرسی پاکێجەکانی دیموکراسی کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی تورکیا راگەیەنران، راستە لە ئاستی پێشبینی و چاوەڕوانی کورد نەبوو. هەموو ئەو داخوازییانەی لەخۆ نەگرتبوو کە بۆ چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد لە باکوور پێویستن، بەڵام بوونی پشووی ستراتیژی کورد و بەکریزی کورد و هەوڵدان بۆ ئەوەی کە لەسەر ئەم هەنگاوانە هەنگاوی دیکەش بەدی بهێنرێت گرنگن و نابێت بە دیدێکی سۆزداری و گەمەی سفری و یان سفر یان سەد لەم پرسە بڕوانین. پابەندبوونی یەکەکە بە ئاگر بەست و نەگەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم لە بەرژەوەندی کورد دایە و پێگەی کورد لە هاوکێشەکان بەهێزتر دەکات و بە پێچەوانەوە سەرهەڵدانەوەی شەڕ و کوشتار لە گەرمەی ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەی ناوچەکە، لە خزمەت دۆزی کورد و فاکتەری کوردیدا نابێت.

لە هەرێمی کوردستان، پێکهێنانی کابینەی هەشتەم پاش هەڵبژاردنەکانی ٢١-٩-٢٠١٣ بەتایبەتی لەم قۆناغە هەرە هەستیارەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێپەڕدەبێت و هەولێر میحوەری فاکتەری کوردییە لە هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە سەر هەموو هێزە براوەکانی هەڵبژاردن و بەشدار لە پرۆسەی سیاسی هەرێم وا دەخوازێت، کە بە دیدێکی بان-حیزبی لە پرسی پێکهێنان و بەشداری لە کابینەی هەشتەم بڕوانن. پارتی وەک هێزی براوەی یەکەم ئەرکێکی سەختی لەسەر شانە کە بتوانێت بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا کابینەیەکی بەهێز و بنکە فراوان دروست بکات و ئەجیندای ٤ ساڵی ئایندەی ئەم کابینەیە وەدیهێنەری لانی کەم بەشی هەرەزۆری بەرنامەی کامپەینی هەڵبژاردنی پارتی بێت کە پرسی خۆشگوزەرانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی و پەرەپێدانی بەردەوامی ئابووری و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان وەک خاڵی بنەڕەتی، لە خاڵە هەرە لە پێشەکانی سیاسەتی کابینەی هەشتەم بێت. لەسەر هێزە بەشداربووەکانیش وا دەخوازیت، کە بەشدارییان لە حکومەت بۆ ئەوە نەبێت تا وەک پلاتفۆرمێک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و دەنگهێنانی زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی ئایندە بێت، دەبێت خاوەن بیر و تێڕوانین و بەرنامەی پیاوی دەوڵەتی بن، کە کوردستان وپێشکەوتنی، سەقامگیری و گەشەسەندنی و بەهێزتر کردنی فاکتەری کوردی لە خاڵە لە پێشینەکانیان بێت. ناکرێت بە تێفکرین و میکانیزم و کەرەستەی ئۆپۆزسیۆن بوونەوە لە ناو حکومەت بن.

کۆنگرەی نەتەوەیی کە وا بڕیارە لە ٢٥-١١-٢٠١٣ ببەستریت(ئەگەر دیسان دوا نەخرێتەوە) پرسێکی یەکجار گرنگی نەتەوەییە کە وەک مەرجەعێکە بۆ نەتەوەی کورد و یەک گوتاری و یەک ئەجینداییی لەم قۆناغە هەستیارەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەسەر سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان وا دەخوازرێت، کە کۆنگرەی نەتەوەیی وەک پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی سەیر بکرێت کە پێگەو ئەجیندای کورد و گوتاری کورد و هێڵەگشتییەکانی تێدا وێنا دەکرێت و بە گەڕ دەخرێت، ناکرێت هیچ هێزێک، کۆنگرە وەک پلاتفۆرمێک بۆ ئەجیندا و گوتار و فاکتەری حیزبی خۆی یان دۆخی تایبەتی سەرکردەیەکی دیاریکراو بە کار بهێنێت و لە ڕێگای سەپاندنی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە و شێوەی خوازراوی خۆی بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە، پەک بخات.

لە پاش سایکس -بیکۆوە، ئەمە یەکەم جارە دەرفەتێک بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە پێشێ کە کورد بۆ خۆی نەخشی لە ئاراستەو دارشتنی پارادایمی کاری خۆی و ستاتۆی خۆی، هەبێت. بۆ یەکەمجارە لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا، ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەر دابەش کراوە، نێوانیان باش نییە و لە ململانێدان، گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سەربازی و ئەمنی ناوخۆیی خۆیان هەیە، زلهێزەکانی جیهان راستە لە ناوچەکەدا هەن و کاریگەرن، بەڵام هێزی یەکلاکەرەوەی کۆتایی نین وەک جاران، وڵاتانی عەرەبی بە دەست گۆڕانەکانی ناوخۆیی خۆیان و دۆخی پاش راپەڕینەکانی گەلانی ناوچەکە دەناڵێنن، بۆیە لەسەر ئێمەی کورد خۆمان دەوەستێت، کە فاکتەری کورد لە هاوکێشە نوێیەکانی ناوچەکە بکەینە فاکتەری کارتێکەر، یان وەک جاران بە فاکتەری کارتێکراو بمێنینەوە.


**ناکرێت هیچ هێزێک، کۆنگرە وەک پلاتفۆرمێک بۆ ئەجیندا و گوتار و فاکتەری حیزبی خۆی یان دۆخی تایبەتی سەرکردەیەکی دیاریکراو بە کار بهێنێت و لە ڕێگای سەپاندنی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە و شێوەی خوازراوی خۆی بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە، پەک بخات**



## بیرکردنەوەی فرە ڕەهەند
## بۆ دروستکردنی وەرچەرخان لە ئەقڵی سیاسیدا

# گونجانی حزبەکان لەگەڵ جێگۆڕکێی ئۆپۆزسیۆن بوون و بەشداری لە حکومڕانی هاوبەشدا

((دروستبوونی گۆڕانکاری یەکلاکەرەوە و دیاریکراو لە سروشتی کێشە و تەنگژە سیاسییەکاندا دووبارە بیرکردنەوەی دەوێت، لەزۆربەی کێشەکاندا لایەنە بەرامبەرەکان هاوتانین لە هێز و پێگەدا، هەروەها زۆربەی ئەو کێشانە ماوەیەکی درێژە بوونیان هەیە چەندین جار بە قۆناخی توندوتیژی تێپەڕیوون و هاتوونەتە دەرەوە، ئەمجۆرە تەنگژە سیاسییانە شێوەی خولی وەگرتووە، کاتێک قۆناخێکی توندوتیژی تەواو دەبێت، زەنگ بۆ قۆناخێکی دیکەی توندوتیژی لێدەدات، کێشەی سیاسیی لەمشێوەیە، ژینگە و



ئابووری و سیستمی ئەو کۆمەڵگەیە دەشێوێنێت کە ئەم تەنگژانەی تێدا بەڕێوەدەچن، بارودۆخی ئاڵۆزی لەناکاو و کوتوپڕ دروست دەکات، کە لەلایەک لەلایەن کاراکتەری ناوخۆیی و لەلایەکی دیکە لەلایەن کاراکتەری دەرەکیەوە زیاتر تەنگژەکە جۆش دەدرێت، بارودۆخی لەم چەشنە بەشێوەیەکی زۆر سەخت ئەو تیۆرانە پێچەوانە دەکاتەوە کە هەوڵدەدات چارەسەر بۆ تەنگژەکە بدۆزیتەوە، بەتایبەتی کە بنەمای تەنگژەکە لەنێوان حزبەکاندا بێت و هەمووشیان داوای بردنەوە بکەن)).

**هاگ میال**
**تیۆری وەرچەرخانی تەنگژە**

لەنێو ئەو فرە سیاسیی و دیموکراتیەی ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان بوونی هەیە، هەستدەکرێت بەردەوام جۆرێك لە تەنگژەی سیاسیی و لێکحاڵینەبوون لەنێو کۆی حزبە سیاسییەکاندا هەیە، ئەم تەنگژە و لێکحاڵینەبوونەش وەنەبێ دەرهاویشتەی جیاوازی تێڕوانینی سیاسیی بێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردن و دەسنیشانکردنی کێشەو کەموکورتیەکانی نێو سیستمێکی دیموکراتی، بەڵکو کاتێك تەنگژەکە دەخەینەوە ناو کۆنتێکستی واقیعی سیاسی کوردستان و بە پەیوەندییە ئیقلیمیەکانەوە گرێدەدەینەوە، بەجۆرێك خۆی نمایش دەکات، وەك ئەوەی ئەم کێشە و تەنگژەیە تەمەنێکی درێژی هەبێت و پێشتر لەقۆناخی جیاوازدا بوونی هەبووە و لەنێو پرۆسەی دیموکراتیدا شێوەیەکی دیکەی وەرگرتووە، راشکاوانەتر ئەمجۆرە کێشانە چەندین رەهەندی جۆراوجۆری لەخۆی گرتووە و لەسەر ئاستی سیاسییەوە پەلی هاویشتووە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکی سیاسیی دروستکردووە کە لەناوخودی ئەو حزبانەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کردووە بە هاندەر بۆ ئەوەی هێندەی دیکە کێشەکە قووڵبێتەوە و لە چارەسەر دووری بخاتەوە و بەردەوام کێشەی تازە دروست ببێت، بە واتایەکی دیکە دروستبوونی تەنگژە لەدوای تەنگژە و کەڵەکە بوونی تەنگژە جیاوازەکان لەسەر یەکتری بۆتە هۆکاری ئەوەی هۆکار و رەگ و ریشەی ئەو تەنگژەیە بشارێتەوە کە تەمەنێکی درێژی هەیە و بنەمای راستەقینەی ئەم تەنگژەیەش کەم تا زۆر پەیوەندی بەو تەنگژە و قەیرانە تازانەوە نین کە یەك لەدوای یەك دروستدەکرێن، هەربۆیە کاتێك لەم ژینگەیەدا قسە یان شرۆڤە لە سەر تەنگژە سیاسییەکان دەکرێت، هێندەی قسە لە سەر هۆکار و شێوەی ئەو کێشە و قەیرانە تازانە دەکرێن، هێندە قسە لەسەر ئەو قەیران و تەنگژە سیاسییە تەمەن درێژانە ناکرێت کە سالآنێکە هەیکەلی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی دابەشکردووە، ئەمەش وایکردووە چارەسەری ئەو جۆرە قەیران و تەنگژانە ئاسان نەبێت و نەتوانرێت هەوڵەکان بەو ئاراستەیە یەکبخرێن کە چارەسەری راستەقینە بۆ تەنگژە بدۆزرێتەوە و بارودۆخی تازە و پەیوەندی تازە لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا دروست بێت، کە ئەمەش دروست نەبێت، ئەوا بیرکردنەوە لەسەر شێوازی نەریتیانەی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکان هەمیشە باکگراوندێکی خراپ دێنێتە پێشیی و پەیوەندییەکی تەنگژاوی لەنێوان حزبەکاندا بەردەوامی دەبێت و هەر لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییە تەنگژاویەشەوە مەزندە و تێڕوانینەکان بۆ ئایندە دەخەملێنرێن و لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی کۆن هەنگاو بۆ ئایندەیەکی تازە هەڵدەگرن، ئەمەش وایکردووە چەند گۆڕانکاری بەسەر

بارودۆخەکەدا بێت، لەبەر ئەوەی کەڵچەری سیاسەتی ئەو حزبە نکۆڵیکردنە لەبەرامبەر و ئامانجیان دروستکردنی تەنگژەیەکی دیکەیە، ئەوا لەسەر هەموو پرسێك زەنگی قۆناخێکی دیکـــەی توندوتیژی لێـــدەدەن، بە بیانووی جۆراوجۆر کەشی ئاشتی کۆمەڵایەتی دەشێوێنن.

### لە ژینگەی نێو تەنگژەی سیاسییەوە هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی ئاشتی

تیۆریستانی بوارەکانی بەڕێوەبردنی تەنگژە و چارەسەری تەنگژە و وەرچەرخانی تەنگژە، لەگەڵ ئەوەی هەر یەکەیان بەمیتۆدی جۆراوجۆر مامەڵە لەگەڵ تەنگژەکان دەکەن، بەڵام هەموویان تارادەیەکی زۆر لەسەر ئەو خاڵە کۆکن، بەوەی دەبێت تەنگژە لە چوارچێوە یان کۆنتێکستی ئەو واقیعە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە تەنگژە تیایدا بوونی هەیە، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە هەموو تەنگژەیەك ئەوجا تەنگژەی سیاسیی بێت یان تەنگژەی نێوان حزبە سیاســییەکان بێت، یان تەنگژەی کۆمەڵایەتی بێت، یان تەنگژەی دەســتەبژێرێك بێت، ئەوا هەموو ئەم تەنگژانە بەشــێوەیەکی ڕێژەیی پەیوەندی بـــە ژینگەی لۆکاڵ و هەرێمـــی و نێودەوڵەتیەوە هەیە، بۆیە زۆرجار لە کێشـــە ئیتنی و نەتەوەییەکانـــدا، هێندەی فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕۆڵی کاریگـــەر دەگێڕێت بۆ مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ کێشـــەیەکی دیاریکـــراودا، ئەوا هێندە فاکتـــەری لۆکاڵ ئەو ڕۆڵە ناگێڕێت، لەم چوارچێوەیەدا زۆربەی تیۆریستانی بواری مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە هەمەجۆرەکان، شـــێواز و جـــۆری تەنگژەکانیان پۆلێن کردووە و بـــۆ هەریەکەیان جۆرێك لە مامەڵەی تایبەتی یان پەنابردن بۆ میانگیری لایەنی ســـێهەم یان دەرەکیان دیاری کردووە، ئەم پۆلینکردنەش بەرەنجامی سروشت و شێوازی تەنگژەکەیە، هەر بۆ نموونە:

١. هەندێك لە تەنگژە، تەنگژەی نێوان نەتەوەی کەمینە و نەتەوەی باڵادەســـتن لەوڵاتێکدا، وەك کێشـــەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی، بۆ کێشـــەی لەمجۆرە هـــەردوو لایەنی تیۆریســـتانی بەڕێوەبردنی تەنگژە و وەرچەرخانی تەنگژە، بۆچوونیان بەوجۆرەیە لەبەر ئـــەوەی پەیوەندی نێوان کورد نەتەوەی باڵادەست لەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە ناهاوسەنگە، ئەوا هەتا ئەم ناهاوســـەنگیە هاوسەنگ نەکرێت، کێشە هەر بەردەوام دەبێت و چارەسەریشی مەحاڵ دەبێت.

٢. ئەگـــەر تەنگژەیەك وەك ئەو پســـپۆرانەی ئاماژەی پێدەکەن چارەســـەری مەحاڵ بێت، ئـــەوا ناچار پەنا بۆ شـــێوازی بەڕێوەبردنی تەنگژەکە دەبرێت، مەبەستیش لە بەڕێوەبردنی تەنگژە، واتە چارەســـەرکردنی ریشەیی ئەو تەنگژەیە مەحاڵە بۆیە بە گوشـــاری لایەنی سێهەم (کە زۆربەی کات لایەنی دەرەکیە) گوشار دەخرێتە سەر هەردوو لایەنی تەنگژە بۆ ئەوەی ئیحتیوای لایەنی توندوتیژی تەنگژە بکـــەن و توندوتیژیەکە نەهێڵن، ئەو پســـپۆرانە بەوجۆرە سەیری مەیلی توندوتیژی نێوان لایەنەکان دەکەن، بەوەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی ئاکامێکی پەیوەندیدارە لە ئاکامی جیاوازی بەها و بەرژەوەندی نێوان دوولایەنی سەرەکی تەنگژەکە، ئەوجا لەبەر ئەوەی هەردوو فاکتەری جیاوازی مێژوویی و بەهاکان، چارەسەرکردنیان کارێکی ئاسان نییە، ئەوا هونەری بەڕێوەبردنی تەنگژە هەوڵ بۆ ئەوە نادات کێشـــەکە چارەســـەر بکات، بەڵکو هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە توندوتیژی وەلابنرێت، بەڵام کێشەکانیش بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوە.

٣. هەندێـــك تەنگژەی دیکەهـــەن، وەك تەنگژەی نێوان حزبە سیاســـییەکان لـــە کۆمەڵگەیەکـــی دیاریکراودا، ئەمجۆرە تەنگژانە لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی بەرژەوەندی و فاکتەری مێژوویی نێوان حزبە سیاســـییەکانە، بەڵام لەبەر ئـــەوەی لەناو کۆمەڵگەدا بەهـــاو بەرژەوەندی و مێژووی هاوبەش هەیە، ئەوا ناکرێت ئەم جۆرە تەنگژانە وەك تەنگژەی نێوان دوو نەتەوەی جیاواز، یان دوو ئایینی جیاواز سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت وەك تەنگژەیەك سەیر بکرێـــت لە کۆنتێکســـتی مێژوو و بەهـــاو بەرژەوەندی هاوبەشدا.

٤. هەوڵدان بۆ چارەســـەرکردنی ئەو جۆرە تەنگژانە کە لە ژینگەی مێژوو و بەهاو بەرژەوەندی کۆمەڵگەیەکی دیاریکـــراو ســـەرهەڵدەدەن، میتۆدێکی جیـــاوازی لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەنگژە یان هەوڵدان بۆ چارەسەری سیاسییانەی راستەوخۆی نێوان مەکتەبی سیاسی حزبە سیاســـییەکان دەوێت، بۆ ئەمەش بیرمەندانی سیاسەت پێشـــنیاری تیـــۆری وەرچەرخانی تەنگـــژە دەکەن، لە تەنگژەیەکـــی کاولـــکار و توندوتیژییـــەوە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئاشتی و پێکەوە گونجانی ئەقڵە سیاسییە جیاوازەکان.

### وەرچەرخانی تەنگژە کارێکی فرە ڕەهەندە

بەکارهێنانی زارەوەی وەرچەرخانی تەنگژە بەو مانایەیە واتە دروســـتبوونی وەرچەرخان لە ئەقڵی سیاســـییدا بۆ بینینی کێشەکان بە دیدێکی جیاواز لەو دیدەی تا ئێستا ســـەیری تەنگژە و کێشـــەکانی پێکـــراوە، ئەمەش واتە دروســـتکردنی هاوێنەی تازە بـــۆ ئەوەی بە چاویلکەی ئاشتی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی ئاشتی کێشەکان بەشێوەیەکی ریشەیی چارەسەر بکرێت، پرسیاری سەرەکی کە ئەم پرسە سەرەکیە دەیوروژێنێت، ئەوەیە ئایا پرۆسەی وەرچەرخـــان لە ئەقڵی سیاســـییدا و لەنێو تەنگژەیەکی سیاسیی تەمەن درێژدا، دەکرێت بە پراکتیکی هەنگاوی بـــۆ هەڵبگیرێـــت؟ ئایا حزبی سیاســـیی و ســـەرکردە

**دروستبوونی تەنگژە لەدوای تەنگژە و کەڵەکە بوونی تەنگژە جیاوازەکان لەسەر یەکتری بۆتە هۆکاری ئەوەی هۆکار و رەگ و ریشەی ئەو تەنگژەیە بشارێتەوە کە تەمەنێکی درێژی هەیە و بنەمای راستەقینەی ئەم تەنگژەیەش کەم تا زۆر پەیوەندی بەو تەنگژە و قەیرانە تازانەوە نین کە یەک لەدوای یەک دروستدەکرێن**

**پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە، پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و تەدریجیە بۆ گۆڕینی پەیوەندی تەنگژاوی بۆ پەیوەندی تازە، هەروەها گۆڕینی یادەوەری کۆنە بۆ بیرکردنەوەی تازە و پێکەوە گونجان و پێکەوە کارکردن بۆ ئاینده**

سیاسییەکان لەنێو پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژەدا پێگەیان چی دەبێت و دەبێت چۆن رەفتار بکەن؟ ئایا ئەو بنەمایانە چین کە پێویستە لە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە حزبەکان هەنگاوی بۆ هەڵبگرن و تاچەند دروستبوونی ئامادەباشی لەنێو حزبەکاندا پێویستە بۆ ئەوەی ئەو وەرچەرخان بەرەو ئاشتی و چارەسەری ریشەیی تەنگژە هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت؟ لەوەڵامی ئەم هەموو پرسیارەی ئەم پرسە هەستیارە دەیوروژێنێت، پسپۆرانی تایبەتمەند کە لەسەر ئەم پرسە هاوچەرخە کاردەکەن و دەخوازن ئەم میتۆدە لە تیۆرەوە بگوازنەوە بۆ پراکتیك، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، بەوەی ئامانج لە میتۆدی وەرچەرخانی تەنگژە ئەوەیە کە هەموو لایەنە جیاواز و دیارەکانی تەنگژەکە لەرووی تیۆری و پراکتیکەوە دیاری بکەن و رەهەندی سەرەکی و پەیوەندار بە تەنگژە دەستنیشان بکەن، دیاریکردنی لایەنە جیاوازەکان و رەهەندە هەمەجۆرەکان دەبنە سەرەتایەك بۆ دووبارە فۆرمەلەکردنەوەی تەنگژەکە و زەمینەیەك بۆ شرۆڤەکردن دێنێتە پێشەوە کە بتوانرێت وەڵامدانەوەی گونجاو بۆ لایەنە جیاوازەکانی تەنگژە هەبێت و ئەو وەڵامدانەوانەش هەڵسەنگاندنیان لەسەر بکرێت، ئەمەش راشکاوانە واتە بەدەنگهێنانی کێشە و هەڵسەنگاندنی ئەو وەڵام و دەنگانەی لە شرۆڤەی لایەنە جیاوازەکانی تەنگژەکە دێنە دەرەوە، بۆیە تیۆری وەرچەرخانی تەنگژە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەردەوام پێویستمان بە وەڵامدانەوەی گۆڕانکای سروشتی تەنگژەکان هەیە و دەبێت لەگەڵ ئەو وەڵامدانەوانە بەپێی قۆناخی ئێستا و هەنگاو هەڵگرتن بۆ قۆناخی نوێ بگونجێن، بۆ ئەوەی تەنگژە فراوانتر لەوەی ئێستا سەیر بکەین و هەڵوەستە لەسەر کۆی لایەنەکان و رەهەندە جیاوازەکانی تەنگژەکە بکەن.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین، ئایا جیاوازی ئەم میتۆدە تازەیەی کە پێی دەگوترێت وەرچەرخانی تەنگژە لەگەڵ هونەری بەڕێوەبردنی تەنگژە و پرۆسەی چارەسەری تەنگژەکان چییە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی کێشمەکێشی گەورەی لەنێوان بیرمەندان و ئەکادیمی و پسپۆرانی زانستی سیاسەت دروستکردووە، بەڵام سەرەنجام لەسەر چەند خاڵێك هەموویان یەکدەگرنەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە جیاوازی وەرچەرخانی تەنگژە لەگەڵ بەڕێوەبردنی تەنگژە و هەوڵە سیاسییەکان بۆ چارەسەری تەنگژە، لە هەردوو پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەنگژە و هەوڵی سیاسیی بۆ چارەسەری تەنگژەکان ئەوەیە، کە پەیوەندییە تەنگژاوییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان ناگۆڕێن بۆ پەیوەندی تازە، هەتا ئەگەر ئەم پەیوەندیانە لەسەر ئاستی بەرزی مەکتەبی سیاسی حزبەکان جۆرێك لە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە نایەتە ناو هەیکەلی کۆمەڵایەتی حزبە سیاسییەکان و هەمان پەیوەندی تەنگژاوی لەنێوان هەیکەلی هەردوو حزبەکەدا وەك خۆی دەمێنێتەوە، لەوانەیە باشترین نموونە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی تەنگژەکان بەشێوەی سیاسییانە، گرێدانی رێککەوتنی ستراتیژی بێت لەنێوان هەردوو حزبی سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، ئەم رێککەوتنە کە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە لەنێوان هەردوو حزبدا هەیە، بەڵام هەتا ئێستا نەتوانراوە وەرچەرخانێك لە پەیوەندییە تەنگژاوییەکانەوە بۆ پەیوەندی نوێی نێوان هەردوو (نەك تەنها هەردوو سەرکردایەتی) دروست بکات، هەروەها نەیتوانیوە بیرکردنەوەیەکی تازە بێنێتە ئاراوە، کە بیرەوەرییە تاڵەکانی رابردوو بسڕێتەوە، بۆیە ئەگەر لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو و هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی هەوڵە سیاسییەکان بۆ گرێدانی رێککەوتنی ستراتیژی، پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە بۆ بونیادنانی پەیوەندی تازە و بیرکردنەوەی نوێ بۆ بینینی ئایندە دەستی پێ بکردایە، ئەوا ئێستا دەکرا هەم پارتی و یەکێتی پەیوەندی تازەیان لە نێوان بەرهەم بێت و هەمیش هەردوولا بە تێڕوانینی تازە سەیری ئایندەیان بکردایە.

لایەنێکی دیکەی جیاوازی پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە لەگەڵ پرۆسەی هونەری بەڕێوەبردنی تەنگژە، ئەوەیە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەنگژەدا کێشەکان وەلادەنرێن یان بۆ ماوەیەکی کاتی چاویان لێ دەپۆشرێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری بە ئارامی و سەقامگیری ناوچەیەك بکرێت و ژیانی ئاسایی بۆ ماوەیەکی کاتی دەست پێ بکاتەوە، ئەم حاڵەتە لەوانەیە بۆ نێوان هاووڵاتیانی دوو ئایینی جیاواز یان دوو نەتەوەی جیاواز، حاڵەتێکی ناچاری بێت و رێگەچارەی دیکە نەبێت هەتا بەتەواوی ئەو دوولایەنە لەیەکدی جیادەکەنەوە یان شێوازێك لە دابەشکردنی دەسەڵات پیادەدەکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بە دوو شێوازی جیا لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا پێکەوە بژین، بەڵام ئەم حاڵەتە ئەو کاتە مەترسیدار دەبێت و هونەری بەڕێوەبردنی تەنگژە دەبێتە مەترسی بۆسەر یەکگرتوویی نەتەوە و وڵات، کە جیاوازی نێوان دوو لایەنی سیاسیی یان زیاتر، بکرێتە جیاوازی نێوان دوو ئایین یان جیاوازی دوو نەتەوە، هەر بۆ نموونە لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢١ی ئەیلوولی ئەمساڵ و پاش راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان راشکاوانە ئاماژەی بە رۆڵ و گوشاری دەوڵەتێکی ئیقلیمی کرد، کە نەیهێشتووە ئاڵۆزی لە ناوچەکانی سلێمانی رووبدات، بە واتایەکی دیکە ئەو

**لە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە، تەنیا پەیوەندییە سیاسییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت، بەڵکو بەرژەوەندی و گوتاری سیاسی و تەنانەت رێکخستنی کۆمەڵگەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت**

**بۆ ئەوەی وەرچەرخان لە ئەقڵیەتی سیاسیی حزبەکان لە دوژمنایەتیەوە بگۆڕێت بۆ ململانێیەکی تەندروستی نێو پرۆسەی دیموکراتی، پێویستە لەسەر ئاستی جیاواز وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی حزبەکان رووبدات و لەو وەهمە سیاسیە بێنە دەرەوە کە بەرامبەر وەک دوژمن سەیر بکەن**



دەوڵەتە ئیقلیمیە گوشاری بۆ لایەنە سەرەکیەکانی ناوچەی سلێمانی هێناوە بۆ ئەوەی ئاڵۆزی لەنێوانیاندا دروست نەبێت، ئەم هەوڵەی ئەو دەوڵەتە ئیقلیمیە بۆ نەهێشتی ئاڵۆزی و پارێزگاریکردن بە ناوچەی سلێمانی داویەتی، کارێکی زۆر باشە لەم قۆناخە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەقامگیری کوردستان رەهەندێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام ئەگەر وردتر لەسەر ئەم هەوڵە هەڵوەستە بکەین، دەبینین، ئەم هەوڵەی لەلایەن ئەو دەوڵەتە ئیقلیمیەوە دراوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو تەنگژەیە، تەنگژەکەی وەك خۆی هێشتۆتەوە و چارەسەر نەکراوە، هەردوو لایەنی کێشەکە لەبەر هەندێك ئیعتوبار چاویان لەهەندێك مەسەلە پۆشیوە، بۆیە نە پەیوەندییە تەنگژاوییەکانی نێوان ئەو دوولایەنە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، نە ئەو دوولایەنەش بە شێوازێکی تازە و بەبیرکردنەوەیەکی تازە سەیری یەکتری دەکەن.

کەواتە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە، پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و تەدریجیە بۆ گۆڕینی پەیوەندی تەنگژاوی بۆ پەیوەندی تازە، هەروەها گۆڕینی یادەوەری کۆنە بۆ بیرکردنەوەی تازە و پێکەوە گونجان و پێکەوە کارکردن بۆ ئایندە، ئەمەش لەو چوارچێوەیەدا دێتەدی کە تەنگژەکە بگێڕینەوە بۆ ناو ئەو کۆنتێکستەی تەنگژەکەی تیادروست بووە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە پسپۆرانی بواری وەرچەرخانی تەنگژە کاتێك دێنە سەر ئەم پرسە هەستیارە زۆر راشکاوانە باس لەوە دەکەن کە هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشە و تەنگژەکانی سەردەمی جیهانگیری لەوە هەستیارترن کە تەنیا بە لەبەر چاوگرتنی هەڵوێستی سیاسیی و دەسکەوت و ئامانجی ئەو لایەنانە سەیر بکرێت کە تەنگژە لەنێوانیاندا هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەیکەلی حزبەکان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حزبەکانی بەرامبەریان، بەشێکی جیانەکراوەیە لەو پەیوەندییە تەنگژاویانەی کە ئێستا بوونیان هەیە، ئەم پەیوەندییە تەنگژاویانە ئەگەر نەگۆڕێن بۆ پەیوەندی تازە، هەتا ئەگەر رێککەوتنی سیاسیش لەنێوانیان ئیمزا بکرێت، ئەوا هەر بە پەیوەندی تەنگژاوی مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە خۆی لە هونەری بەڕێوەبردنی تەنگژە و چارەسەری سیاسییانەی تەنگژەکان جیادەکاتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم پرۆسەیە مامەڵە کردنە لەگەڵ:(وەرچەرخانی پەیوەندییەکان، بەرژەوەندییە تازەکانی نێوان لایەنەکان، گوتاری سیاسی تازەی حزبەکان، هەتا دەبێت ناوچەی نفوزی سیاسی ئەو حزبانەش لەبەرچاو بگیرێت کە شێوازی رێکخستنی کۆمەڵگەی گۆڕیوە بۆ پشتگیری و بەردەوامی تەنگژەکە)، کەواتە ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە

**ئامانج لەبوونی حزبی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆ دیاریکردنی جیاوازییەکانە بۆ ئەوەی لە خاڵە جیاوازەکانەوە رایەڵەیەک دروست بکات بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵگە و دروستکردنی یەک گوتاری لە کۆمەڵگە**

**پرۆسەی حکومڕانی و بەشداری حزبەکان لە حکومەتدا، پرۆژەیەکی لۆکاڵە و تایبەتە بەهەرێمی کوردستان و پێویستی بە پێکەوە گونجان و پێکەوە کارکردن هەیە، نەک پێویستی بە میانگیر یان فاکتەری دەرەکی هەبێت بۆ ئەوەی چاو لە کێشەکان بپۆشرێت یان کێشەکان بەچارەسەرنەکراوی بمێننەوە**

باشتر هەڵوەستە بکەین، لەپرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە، تەنیا پەیوەندییە سیاسییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت، بەڵکو بەرژەوەندی و گوتاری سیاسی و تەنانەت ڕێکخستنی کۆمەڵگەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکاریەش لە هاندان بۆ بەردەوامی کێشەکە دەگۆڕێت بۆ هاندان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئاشتی و بونیادنانی ئاشتی. راشکاوانەتر ئەو فاکتەرانەی پێشتر هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی تەنگژە بەردەوام بێت دەگۆڕین بۆ کۆمەڵە فاکتەرێك کە پێکەوە رۆڵی تەواوکار دەگێڕن و زەمینە بۆ ئاشتیەکی دوور مەودا دروست دەکات.

لایەنێکی دیکە لە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە و جیاوازی لەگەڵ دوو میتۆدەکەی دیکە ئەوەیە، ئەم پرۆسەیە پشت بە گروپ و تاکەکانی کۆمەڵگە دەبەستێت بۆ ئەوەی ئەو وەرچەرخانە دروست بکات، بەڵام لەهەردوو میتۆدی بەڕێوەبردنی تەنگژە و چارەسەری تەنگژە پشت بە میانگیری لایەنی سێهەم کە زۆربەی جار فاکتەری دەرەکیە دەبەستێت، لەمەش گرنگتر پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە جەخت لەوە دەکاتەوە بەوەی لەوانەیە فاکتەری دەرەکی یان لایەنی سێهەمی میانگیر بتوانێت بەشێوەیەکی سیاسیی تەنگژەیەك بەلایەکدا بخات یان چارەسەری بکات، بەڵام لایەنی سێهەم یان لایەنی دەرەکی ناتوانێت رۆڵی هەبێت لەدروستکردنی پەیوەندی تازە، یان بیرکردنەوەی تازە و سڕینەوەی یادەوەرییە تاڵەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان، هەر ئەمەشە وادەکات هەوڵەکان بە هەردوو میتۆدی بەڕێوەبردنی تەنگژە و چارەسەری سیاسییانەی تەنگژەکان، توندوتیژی بۆ ماوەیەك دووربخاتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت زەمینە بۆ ئاشتیەکی دوورمەودا برەخسێنێت.

## وەرچەرخانی ئەقڵی سیاسیی بۆ پێکەوە گونجان لە حکومڕانیدا

کۆمەڵگەی دیموکراتی زۆر جار پێشی دەگوترێت کۆمەڵگەی حزبە سیاسییەکان، لەبەر ئەوەی حزبە سیاسییەکان هەم نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن هەمیش خواست و پێداویستیەکانی خەڵك دەکەنە بەرنامەی سیاسیی خۆیان و کار بۆ جێبەجێکردنی دەکەن، لەمەش گرنگتر حزبە سیاسییەکان ئۆپشنی جیاواز بۆ خەڵك دروست دەکەن بۆ ئەوەی خەڵك لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی بەشدار بێت و بژاردەی جیاوازی لەبەردەمدا هەبێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا حزبی سیاسیی بۆ پێکەوە گونجان و پێکەوە کۆکردنەوەی تەواوی بیروبۆچوون و لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە، لەم پرۆسەیەدا حزبی سیاسیی فاکتەرێکە بۆ ئەوەی لە بیروبۆچوونە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە هێزێك دروست بکات کە لەنێو سیستمە دیموکراتیەکە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەبێت و کۆمەڵگە بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە، کەواتە ئامانج لەبوونی حزبی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆ دیاریکردنی جیاوازییەکانە بۆ ئەوەی لە خاڵە جیاوازەکانەوە رایەڵەیەك دروست بکات بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵگە و دروستکردنی یەك گوتاری لە کۆمەڵگە، ئەمەش واتە یەك گوتاری بەرهەمی جیاوازییەکان بێت نەك جیاوازییەکان بسڕێتەوە.

لەم بازنەیەدا هەڵسەنگاندنی رۆڵی حزبی سیاسیی فاکتەرێکە بۆ بەهێز بوونی دیموکراتی و هاندەرێکە بۆ زیاتر بەشدار بوونی خەڵك لە پرۆسەی سیاسییدا، بەڵام حاڵەتی نەرێنی لەرۆڵی حزب لەو کاتە دروست دەبێت، کە حزبی سیاسیی رۆڵێکی پێچەوانە بگێڕێت و نەتوانێت فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوازییەکانی کۆمەڵگە و دروستکردنی هێز لە جیاوازییەکان، لەم حاڵەتەدا کە بەداخەوە لە زۆربەری دیموکراتیەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەستی پێدەکرێت، زۆربەی حزبە سیاسییەکان نەتوانای نوێنەرایەتیکردنی راستەقینەیان هەیە نە دەشتوانن پێکەوە گونجان دروست بکەن بۆ ئەوەی حکومڕانی لە وڵاتدا بە ئاراستەی حکومڕانی باش هەنگاو هەڵبگرێت، لەبری ئەمە حزبەکان هەڵدەست بە سنورکێشان بەدەوری جیاوازییەکان و جیاوازییەکان دەکەنە بەشێك لە هەیکەلی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەش دەکەنە فاکتەرێك بۆ بەردەوامی تەنگژە و کێشەی نێو لایەنە سیاسییەکان.

ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری گوتاری حزبە سیاسییەکانی نێو هەرێمی کوردستان بکەین لەدوای هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلوول، لەگەڵ ئەوەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن (کۆمەڵ و یەکگرتوو و گۆڕان)، بەو شێوەیە گوتاری خۆیان ئاراستە دەکەن بەوەی ئامادەن بەشداری لە حکومەت بکەن، بەڵام هەتا ئێستا رەفتار و بیرکردنەوەیان لەگەڵ ئەم گوتارە تازەیە یەکناگرێتەوە و هێشتا نەیانتوانیوە هەنگاو بەو ئاراستەیە هەڵبگرن کە بەبیرکردنەوەیەکی جیاواز هەوڵی بونیادنانی پەیوەندیەکی جیاواز لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی بدەن، بەپێچەوانەوە لە کاتێکدا بەوجۆرە گوتاری خۆیان ئاراستە دەکەن کە دەیانەوێت ببنە بەشێك لە پرۆسەی حکومڕانی لەم وڵاتەدا، بەڵام لەهەمانکاتدا ئامادەنین رێز لەو پرۆسەیە بگرن کە پرۆسەی حکومڕانی لەم وڵاتە پێ ڕێکدەخرێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە هێشتا هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن نەیانتوانیوە وەرچەرخانێك لە ئەقڵ و گوتاری سیاسی خۆیان دروست بکەن بۆ ئەوەی زەمینەی لێکتێگەیشتن و هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت بێتە ئاراوە، راستە هەتا ئێستا پەرلەمانی تازە کۆبوونەوەی نەکردووە و راستە هەتا ئێستا لەلایەن

سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە هیچ کەس و لایەنێك ڕانەسپێردراوە بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام ئەو مەرج و مەرجکارییەی لە میدیاکانەوە گوێبیستی دەبین و بەو شێوازەی وەسفی ئەو لایەنە دەکەن کە سبەینێ دەبنە شەریك لەگەڵی لە پرۆسەی حکومڕانیدا، ئەوا هەست بەوە ناکرێت زەمینەی لێکتێگەیشتن بەو ئاستە بێت کە پێکەوە گونجان بەو ئاستە دروست بێت و گەشبین بین بەوەی هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی لە حکومەتی داهاتوو پێکەوە کاردەکەن، ئاستی پێکەوە گونجانیان بەو ئاستە دەبێت کە بتوانن بەرنامەی حکومەت جێبەجێ بکەن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و بۆ ئەوەی وەرچەرخان لە ئەقڵیەتی سیاسیی حزبەکان لە دوژمنایەتیەوە بگۆڕێت بۆ ململانێیەکی تەندروستی نێو پرۆسەی دیموکراتی، یان بۆ ئەوەی تێڕوانینی حزبەکان لە ڕەتکردنەوەی بەرامبەرەوە بگۆڕێت بۆ یەکتری قبوڵکردن و بونیادی هاوپەیمانی بۆ بەشداریکردن لە حکومڕانی، ئەوا پێویستە لەسەر ئاستی جیاواز وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی حزبەکان ڕوویدات و لەو وەهمە سیاسییە بێنە دەرەوە کە بەرامبەر وەك دوژمن سەیر بکەن، ئەم پرسەش پێویستی بە وەرچەرخان لەم ئاستانە هەیە:

١. وەرچەرخان لەبیرکردنەوەی سەرکردایەتی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی لە سیستەمی دیموکراتیدا، حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و فەرمانڕەوا خۆیان بەشەریك لە پرۆسە سیاسییەکە دەزانن، ئەوجا بەشدار بن لە حکومەت یان ئۆپۆزسیۆن بن و چاودێری حکومەت بکەن، بەڵام حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان لەو کاتەی لە ئۆپۆزسیۆنن حزبەکانی فەرمانڕاوە بە دوژمن پێناسە دەکەن و لەوکاتەی دەیانەوێت بەشداری لە حکومەت بکەن، دەیانەوێت بەرنامەی خۆیان فەرز بکەن، ئەمەش واتە لەهەردوو حاڵەتدا چ ئۆپۆزسیۆن بن، یان بیانەوێت بەشداری حکومەت بکەن، دەیانەوێت بانگێشە بۆ ئەوە بکەن، کە بەرامبەر ناناسن و ڕەتیدەکەنەوە، ئەم حاڵەتە لە هەر وڵاتێکی دیموکراتی بوونی هەبێت، پرۆسەی دیموکراتی لاواز دەکات و حزبەکان لەبەردەم جەماوەر بێ متمانە دەکات. بۆیە لەم حاڵەتەدا گۆڕینی بیرکردنەوەی سەرکردایەتی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی سیاسیی نوێ، دەبێتە هۆکاری ئەوەی لێکتێگەیشتن و پێکەوە گونجان دروست ببێت، بەپێچەوانەوەشەوە ئەگەر ئەم ئامادە باشیە نەبێت، ئەوا ململانێی و جیاوازی نێوان بۆچوونە سیاسییەکان، دەبێتە جیاوازی نێوان دوو ئایین یان دوو نەتەوە، ئەمەش چارەسەری تەنگژە بەرەو مەحاڵ دەبات.

٢. پرۆسەی حکومڕانی و بەشداریکردن لە حکومەت، پرۆسەیەکی لۆکاڵە و پشت بەحزب و تاکەکانی کوردستان دەبەستێت، فەزای گشتی هەرێمی کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی پێکەوە گرێدانەوەی نێوان حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها خەڵکی کوردستان بەرێژەی جیاواز دەنگی بەهەموو حزبە سیاسییەکان داوە، بۆیە کاتێك لە نێو فەزای گشتیەوە خەڵك دەیەوێت بەشداری پرۆسەی سیاسیی بکات و خواست و داواکاری خۆی ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسیی دەکات، ئەمە مانای ئەوەنییە تەنیا خواستی خەڵك ڕووی لە پارتیە یان حزبێکی دیکە، بەڵکو ڕووی لە هەموو حزبەکانە و پەیامی فەزای گشتی بەرهەمی ڕای گشتی هەموو خەڵکە نەك دەنگدەری لایەنێکی دیاریکراو بەتەنیا، بۆیە گرنگە سەرجەم حزبەکان ئەوجا بەشداربن لە حکومەت یان لە ئۆپۆزسیۆندا بن، وەڵامدانەوەیان بۆ پەیامی فەزای گشتی هەبێت و لەناو تەلاری پەرلەماندا هەڵسەنگاندن بۆ کۆی وەڵامەکان بکرێت، ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات وەرچەرخان بۆ چۆنیەتی سەیرکردنی پرسەکان و وەڵامدانەوەیان وەرچەرخانی بەسەردا بێت، ئەم وەرچەرخانەش سەرلەنوێ خشتەی ڕیزبەندی پرسەکان دیاری دەکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسەی حکومڕانی و بەشداری حزبەکان لە حکومەتدا، پرۆژەیەکی لۆکاڵە و تایبەتە بەهەرێمی کوردستان و پێویستی بە پێکەوە گونجان و پێکەوە کارکردن هەیە، نەك پێویستی بە میانگیر یان فاکتەری دەرەکی هەبیت بۆ ئەوەی چاو لە کێشەکان بپۆشرێت یان کێشەکان بەچارەسەرنەکراوی بمێننەوە.

ئەم دووخاڵە کە دەبنە چوارچێوەیەك بۆ وەرچەرخانی بیرکردنەوە و زەمینە خۆشکردن بۆ چارەسەری تەنگژەی سیاسیی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ سەقامگیری سیاسی و ئاشتیەکی دوور مەودا، لەهەمانکاتدا دەبنە سەرەتایەك بۆ وەرچەرخان لە بیرکردنەوە بە ئەقڵی تیۆری بۆ بیرکردنەوە بە ئەقڵی پراکتیکی، ڕاشکاوانەتر ئەگەر هەر سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو) لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوو بە بیرکردنەوە بە ئەقڵی تیۆری ڕەخنەیان لە بەرنامەی پراکتیکی پارتی و یەکێتی گرتبێت و پارتی و یەکێتیش ئامادە بوون گوێ لە ڕەخنەکانیان بگرن، ئەوا لەئێستا کە دەیانەوێت ببنە بەشێك لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، دەبێت ئەو ئامادەباشییەیان هەبێت وەرچەرخان لە ئەقڵی سیاسیی خۆیان دروست بکەن و بە ئەقڵی پراکتیکی بیربکەنەوە و ئامادەش بن ڕەخنە لە ئەقڵی پراکتیکیشان بگیرێت، خۆ ئەگەر بە هەمان بیرکردنەوەی ڕابردوو بە بیرکردنەوە بە ئەقڵی تیۆری بیانەوێت بەشداری حکومەت و حکومڕانی بکەن، ئەوا نەك هەر ناتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بەڵکو پرۆسە دیموکراتیەکەش لاواز دەکەن.

**پسپۆرانی بواری وەرچەرخانی تەنگژە ڕاشکاوانە باس لەوە دەکەن کە هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشە و تەنگژەکانی سەردەمی جیهانگیری لەوە هەستیارترن کە تەنیا بە لەبەر چاوگرتنی هەڵوێستی سیاسیی و دەسکەوت و ئامانجی ئەو لایەنانە سەیر بکرێت کە تەنگژە لەنێوانیاندا هەیە**

**جیاوازی وەرچەرخانی تەنگژە لەگەڵ بەڕێوەبردنی تەنگژە و هەوڵە سیاسییەکان بۆ چارەسەری تەنگژە، لە هەردوو پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەنگژە و هەوڵی سیاسیی بۆ چارەسەری تەنگژەکان ئەوەیە، کە پەیوەندییە تەنگژاوییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان ناگۆڕێن بۆ پەیوەندی تازە، هەتا ئەگەر ئەم پەیوەندیانە لەسەر ئاستی بەرزی مەکتەبی سیاسی حزبەکان جۆرێک لە گۆڕانکاری بەسەردا بێت**



## ئیمیلی بیەلیو بۆ گوڵان:

# مەرجەکانی یەکێتی ئەورووپا هاندەربوو بۆ بونیادی دیموکراتی لە وڵاتانی رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپادا

**پرۆفیسۆر ئیمیلی بیەلیو ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی کنتاکی و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، نووسەری کتێبی (هەڵبژاردن و دیموکراسیە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا)، سەبارەت بە رەوشی حزبایەتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و چۆنیەتی پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ خاتوو ئیمیلی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بۆچی بەشێك لە پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو نابنە هۆکاری بەرەوپێشچوون لە پرۆسەی دیموکراسیدا؟**

- بیرۆکە گرنگەکە ئەوەیە، ئەوەی پێی دەوترێت سیستمی پارتەکان، یان سیستمی حزبایەتی بە دامەزراوەیی بکرێت، نیگەرانیەکە لەبارەی ژمارەیەك لە پارتە سیاسییەکانی نێو دیموکراسیە نوێیەکانەوە ئەوەیە کە هێشتا بە دامەزراوەیی نەکراون، هەروەها لەبەر ئەوەی خودی خۆیان نوێن. بەڵام ئەمە تەنیا مەسەلەی کاتە و ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانیە ئەوەیە بونیادێکیان نەبێت بۆ ئەوەی بە دامەزراوەیی بکرێن، بۆ بە دامەزراوەییکردنی پارتە سیاسییەکان پێویستت بە بناغەیەکی رێکخراوەیی هەیە کە بواری پەیوەندی دروستکردنت لەگەڵ هاووڵاتیاندا بۆ دروست دەکات. ئەوەی بە زۆری شارەزایان نیگەران دەکات ئەوەیە کە پارتەکان لە دیموکراسیە نوێیەکاندا کەمتر رێکخراون و لەلایەن تاکەکەسەکانەوە- کە پاڵێوراوێکی خاوەن جەماوەرن- وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرێن. کەواتە ئەو پارتەی پاڵپشتی کاندیدێکی خاوەن جەماوەری دەکات، پێناچێت سوودبەخش بێت بۆ پرۆسەی بە دیموکراتیکردن. بەڵام ئەو پارتەی هەڵوێستی دیموکراتی هەیە و بونیادێکی رێکخراوەیی هەیە و سەرقاڵی ئەو چالاکیانەیە کە هاووڵاتیان گرێدەداتەوە بە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتدا بکەن، ئێمە بەم پارتانە دەڵێین کە بە دامەزراوەیی کراون و ئەمەش شتێکی سوودبەخش و گرنگیەکی بنەڕەتیان بۆ دیموکراسی دەبێت.

*** لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو پێش پێداویستیەکانی کۆمەڵگە حزبی سیاسیی دروست دەکرێن، بەڵام لەرۆژئاوا حزبی سیاسیی بەرهەمی پێداویستی خەڵکن، پرسیار ئەوەیە**

**بۆچی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، دەستەبژێرێك حزبێکی سیاسـی دروست دەکات، بێ ئەوەی بیر لە پێداویستی کۆمەڵگە بکاتەوە؟**

- لە واقیعدا ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت دەسەڵات بگرنە دەست، پێویستیان بە پشتیوانی هەیە بۆ ئەوەی خەون و تموحە سیاسییەکانیان بێننە دی، لەبەر ئەوە هەڵدەستن بە دروستکردنی پارتی سیاسی و ئەمەش بە زەرورەت وا دەکات چالاکیە سیاسییەکان رەنگدانەوەی خواستی کۆمەڵایەتی نەبن. هەروەها ئەمە پرسیارێکی قورسە کە ئێوە دەیکەن، لەبەر ئەوەی لە رووی میسالیەوە و لە دیموکراسیدا تۆ دەتەوێت لە نێو خودی پارتە سیاسییەکان خۆیاندا دیموکراسی بوونی هەبێت، واتە تۆ دەتەوێت ئەوە ببینیت کە سەرکردایەتی پارتەکە لەلایەن ئەندامانی پارتەکە هەڵبژێردرێن، کە ئێمە پێی دەڵێین دیموکراسیەتی ناوخۆیی حزبەکان، .....ئێمە لە ئەمریکا ئەم حاڵەتەمان هەیە کە سەرکردایەتی لە نێو کۆمەڵێك پاڵێوراودا هەڵدەبژێردرێت لە پرۆسەیەکدا کە پێی دەڵێین «primary election»، کەواتە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی ناوخۆدا ئەو پاڵێوراوانە هەڵدەبژێردرێن کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی نوێنەرایەتی پارتەکە دەکەن. هەروەها لە وڵاتێکی وەك ئەرجەنتینیش هەیە- کە پارتەکان تێیدا- کەمتر دیموکراسین لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بەرپرسەکان کۆنترۆڵیان بەدەستەوەیە لە نێو پارتەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرجەنتین لە هەندێ وڵاتی دیکە دیموکراتیترە کە سیستمی حزبایەتی هەیە. کەواتە پێویستت بەوەیە دیموکراسی لە بونیادی ناوخۆیی پارتەکاندا هەبێت، بەڵام رەنگە هەندێ هەلومەرج بێنەپێشەوە کە ئەوە شتێکی واقیعی نەبێت... پێموایە مەسەلە گرنگەکە ئەوەیە سیستمێکی حزبایەتی سەقامگیر هەبێت، نەك تەنیا سیستمێك کە بە دامەزراوەیی کرابێت و تێیدا پارتەکان هاووڵاتیان گرێدەدەنەوە بە پرۆسەی سیاسییەوە لەسەر ئاستی حکومەت، بەڵکو دەبێت بەردەوامیش بن، چونکە ئەگەر پارتێك نەتوانێت لە چەند هەڵبژاردنێکدا درێژە بە مانەوەی خۆی بدات، ئەوا خەڵکی ناتوانن چاوەڕوانیان هەبێت و پشتیوانی بکەن لە سیستمێکی سەقامگیر، لەبەر ئەوە دەبێت رێکخستنێك هەبێت بۆ ئەو پارتانەی رکابەری یەکتر دەکەن لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە و ئەوانەی سیاسەت دەکەن و هەڵوێست وەردەگرن، ئەو کاتە دەنگدەرانیش دەتوانن بڕیاری ئەوە بدەن دەیانەوێت پشتیوانی کێ بکەن. کەواتە ئەگەر پارتێك هەبێت و بپوکێتەوە و هەڵبستێتەوە، ئەوا ئەمە شتێکی ئیجابی نابێت بۆ دیموکراسی. پرسەکە ئەوەیە ئەگەر سیستمێکی حزبی دیاریکراو بیەوێت باڵادەست بێت، ئەوا رەنگە ئەدایەکی میسالی نەبێت لە رووی دیموکراسیەوە، بەڵام لە کۆتاییدا سیستمێکی حزبایەتی بەرهەم دەهێنێت کە بە راستی درێژخایەن بێت، ئەو کاتە رەنگە ئەو واقیعە باشتر بێت لە هەبوونی ئەوەی پێی دەڵێن «سیستمێکی میسالی».

*** لەو وڵاتانەی کە پێشتر سیستمی فرە حزب نەبووە، هەست دەکرێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵێکی بەرچاوتریان هەیە، ئایا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، جێگەی حزبی سیاسی دەگرنەوە لە پرۆسەی دیموکراتیدا؟**

- پێموایە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ حزبە سیاسییەکاندا رۆڵێکی تەواوکار دەبینن، بۆیە پێموایە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوونیان گرنگە، بەڵام باوەڕم وانیە بتوانن جێی پارتە سیاسییەکان بگرنەوە. لەو بڕوایەشدا نیم جێگرەوەی پارتە سیاسییەکان لەدیموکراتی هەبێت، کاتێك لەوە دەڕوانم کە لە هەندێ شوێن رەخنە لە پارتە سیاسییەکان دەگیرێت، یاخود هەوڵی ئەوە دەدرێت بە نایاسایی بکرێن، ئەوا بە زۆری دەرئەنجامەکە ئەوە دەبێت کە کەسانێکی کەم هەوڵی قایمکردنی دەسەڵاتی خۆیان دەدەن و درك بەو راستیە دەکەن کە بوونی پارتەکان ئەم کارەی ئەوان قورستر دەکات، لەبەر ئەوە هەوڵدەدەن قەناعەت بە دەنگدەران بکەن کە پارتە سیاسییەکان دوژمنن.....کەواتە من پێموانییە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جێی پارتە سیاسییەکان بگرنەوە، بەڵام ئەگەر لە ئێران و کوەیت بڕوانیت و سەیری لیستی پارتەکان بکەیت، ئەوا گردبوونەوەیەکی ئایدۆلۆژی دەبینیت، و ئەوە بەدی دەکەیت کە خەڵکی لەسەر بنەمای مەرجەعیەتی سیاسەتی جیاواز خۆیان رێکدەخەن... ئێوە ئاماژەتان بە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی کرد، بەڵام لەم وڵاتانەدا پارتە کۆمۆنیستیەکان هەن کە زۆر باش رێکخراون و زۆر باش بە دامەزراوەیی کراون، کەچی تۆ پێویستت بە پارتی دیکە هەیە کە رێکخراوبن بۆ ئەوەی دیموکراسیت هەبێت، بەڵام ئەگەر تەنیا پارتێکت هەبوو کە بە باشی رێکخراو بوو بە باشی بە دامەزراویی کرابو، ئەوا ئەمە کارێکی باش نییە بۆ دیموکراسی.

*** لەپرۆسەی وەرچەرخان بە دیموکراتی هەست دەکەین هەندێك وڵات ژینگەی لەبارترە بۆ بونیادی دیموکراتی، هەر بۆ نموونە دەوڵەتانی رۆژهەلات و ناوەڕاستی ئەوروپا سەرکەوتربوون لەوڵاتانی دیکە، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی زۆرێك لە وڵاتانی ناوەڕاستی ئەوروپا و ئەوروپای رۆژهەڵاتدا سەرکەوتووبوون لە هەنگاونان بەرەو دیموکراسیی، ئەوا بە تێڕوانینی من وەڵامەکە بریتییە لە بوونی یەکێتی ئەوروپا، چونکە یەکێتی ئەوروپا ئەندامێتی بۆ پێشنیارکردن بە مەرجی ئەوەی دیموکراسی بن، کە بێ ئەو ئەندامێتیە گەشەی ئابووری نەدەهاتەدی و ئەمەش بەلای ئەو وڵاتانەوە سەرنجراکێشترین بژاردە بوو. بەڵام شتێکی هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا لای ئێوە نییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەگەر پێویست بە گەشەی ئابووریش بکات، ئەوا نوخبەی سیاسی زۆر باش هەست پێناکات، هەروەها قەوارەیەکی باڵای سەرو نەتەوەیی نییە- وەك یەکێتی ئەوروپا- کە قەناعەت بەم وڵاتانە بکات هەنگاو بەرەو دیموکراسی بنێن.

**بۆ بە دامەزراوەییکردنی پارتە سیاسییەکان پێویستت بە بناغەیەکی رێکخراوەیی هەیە کە بواری پەیوەندی دروستکردنت لەگەڵ هاووڵاتیاندا بۆ دروست دەکات**

**ئەگەر پارتێک نەتوانێت لە چەند هەڵبژاردنێکدا درێژە بە مانەوەی خۆی بدات، ئەوا خەڵکی ناتوانن چاوەڕوانیان هەبێت و پشتیوانی بکەن لە سیستمێکی سەقامگیر**

**رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ حزبە سیاسییەکاندا رۆڵێکی تەواوکار دەبینن، بۆیە پێموایە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوونیان گرنگە، بەڵام باوەڕم وانیە بتوانن جێی پارتە سیاسییەکان بگرنەوە**



## هانسپیرت کریسی بۆ گوڵان:

# ئەگەر پارتە دیموکراتەکان و میانڕەوەکان باڵادەست بن ئەوا پارتە رادیکاڵەکان کەمینە دەبن و مەترسی بۆ دیموکراتی دروست ناکەن

**پرۆفیسۆر هانسپیرت کریسی ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆکی بەشی سیاسەتی بەراوردکارییە لە زانکۆی زیورخ و پسپۆر و تایبەتمەندە لە سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی سیسیۆلۆژی و ئاکاری سیاسیی و ئاکاری دەنگدەر و بەشداری سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی حزبی سیاسیی لە سیستمی دیموکراتی وڵاتانی پێگەیشتوو و بەراوردکردنی لەگەڵ رۆڵی حزب لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر کریسی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** هەندێ لە شارەزایانی سیاسیی پارتە سیاسییەکان بە هۆکاری سەقامگیری و بەرەوپێشچوون دەزانن لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا، وەك ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا، بەڵام هەر ئەو شارەزایانە پێیانوایە پارتە سیاسییەکان ناتوانن هەمان رۆڵ لە دیموکراسیە نوێیەکاندا ببینن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی پارتە سیاسییەکان هۆکاری بەرەوپێشچوون نین لە دیموکراسیە نوێیەکاندا؟**

- پێموایە پارتەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکانیشدا بەشداری لە هێنانەدی دیموکراسیدا دەکەن. بەڵام لە پەیوەندیدار بە پارتەکانەوە ئەوا جیاوازیەك هەیە لە نێوان دیموکراسیە دێرینەکان و دیموکراسیە تازە دامەزراوەکاندا، جیاوازیەکەش ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بە دامەزراوەیی نەکراون، و ریشەیەکی جێگیریان نییە لە کۆمەڵگەدا. واتە دێن و دەردەکەون و بزر دەبن و توخمێکی جێگیر نین لە سیستمی میانگیریکردنی بەرژەوەندیەکاندا.

*** بەپێی بنەما زانستیەکان، پارتە سیاسییەکان بەرهەمی خواستی کۆمەڵگەن، کە تێیدا خواست و ویستی هاووڵاتیان دەبنەهۆی دروستبوونی پارتە سیاسییەکان، بەڵام لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ناتوانن نوێنەرایەتی خواست و ویستی خەڵك بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەمە دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی متمانەی هاووڵاتیان بە پارتە سیاسییەکان؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، من وای دەبینم هەموو پارتێکی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هەندێ گروپی نێو خەڵکەکە دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چ گروپێك نوێنەرایەتی دەکرێت و چ گروپێك نوێنەرایەتی ناکرێت. بە زۆری ئەو پارتەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی پێدەدرێت لەسەر بنەمای ئەو بەڵێنانەیە کە بە خەڵکی داوە کە لە ئاستی پێداویستیەکانی خەڵکدا بێت، بەڵام دوای دەنگدان بەچەشنی پارتەکان

لە دیموکراسیە دێرینەکاندا بە ئاڕاستەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکان هەنگاو نانێن.

*** کەواتە هەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی پێویستی بە سیستمێکی حزبی هەیە بۆ ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا، کەواتە تا چەند سیستمی حزبایەتی گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان پابەندبن بە ڕێساکانی دیموکراسیەوە؟**

- بوونی سیستمی حزبایەتی زۆر گرنگە بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەڵك لە سیستمی دیموکراسیدا، هەروەها لە هەمان کاتدا گرنگە بۆ حکومڕانی لە دیموکراسیدا، لەبەر ئەوەی پارتەکان ڕۆڵی دیاریکراویان هەیە، نوێنەرایەتی دەکەن و حکومڕانیش دەکەن، بۆی هەیە لەو دوو رووە شکست بێنن، یەکەمیان نەتوانن بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە حکومڕانی بکەن و رەچاوی بەرژەوەندی بەشێکی بچووکی کۆمەڵگە بکەن و خۆشگوزەرانی تەواوی هاووڵاتیان لەبەرچاو نەگرن، هەروەها بۆی هەیە لە پەیوەندیدا بە ڕۆڵی نوێنەرایەتیکردنەوە داخوازیەکانی خەڵك فەرامۆش بکەن. زەحمەتە بتوانین ڕێسایەکی گشتی دابمەزرێنن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو دوو ئەرکە سەرەکیەی خۆیان جێبەجێ بکەن. رەنگە دەستووریش زۆر سوودبەخش نەبێت لەم رووەوە، لەبەر ئەوەی لە بواری عەمەلیدا پارتەکان ڕێگا و شێوازێك دەدۆزنەوە بۆ سنورداركردنی ڕێساکان و بۆ پێشێلکردنیان. لەلایەکی دیکەوە باوەڕم وایە دیموکراسی بێ پارتە سیاسییەکان نابێت، لەبەر ئەوەی ئەوان میکانیزمی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکن لە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیدا و کاراکتەرێکن ململانێ دەکەن، - کە لە حاڵەتە میسالیەکەدا- بریتییە لە ململانێی بەرنامە جیاوازەکان بۆ خزمەتکردنی خەڵك، و ئەو پارتەی هەڵبژاردنەکان دەباتەوە حکومڕانی دەکات. کەواتە ڕێکخراوێکی بەدیل نییە کە ئەم ئەرکی نوێنەرایەتیکردنەی خەڵك بگرێتەئەستۆ.

*** ئەگەر سیستمی فرەحزبایەتی بە نموونە وەربگریت لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستدا، ئەوا لە سەردەمی کۆمۆنیستدا فرەحزبی قەدەغەکرابو و بە زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوونیان هەبوو، ئایا ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن جێی پارتە سیاسییەکان بگرنەوە؟ یاخود ئایا بەدیلمان هەیە بۆ پارتە سیاسییەکان لە سیستمی دیموکراتیدا؟**

- ئێوە ئاماژەتان بە وڵاتە کۆمۆنیستیەکان کرد، ئەمە نموونەیەکی باشە لەبارەی ئەوەی من لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، لەم وڵاتانەدا سیستمێکی حزبایەتی لەرزۆك هەیە، کە پارتەکان جێگیر نین، دێن و دەردەکەون و دیارنامێنن، لە هەڵبژاردنێکدا پارتێکی زۆرینە یان بەشێکی بەرچاوی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی دیکەدا دیار نامێنێت و پارتێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە. کەواتە سیستمێکی حزبایەتی جێگیر نییە لەم وڵاتانەدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پارتەکان ریشەیان لە نێو خەڵکدا نییە و نەبوونەتە ڕێکخراوێکی جێگیر کە نوێنەرایەتی بکەن. هەندێ پارت هەن کە پتر جێگیرن..... وەك پارتە کۆمۆنیستیەکانی پێشوو، یان پارتی سۆشیال دیموکراتەکان- لە هەندێ وڵاتدا-. هەروەك وتم پارتەکان دەردەکەون و دیارنامێنن، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو بەڵێنانە جێبەجێ ناکەن کە داویانە بە خەڵك، لەگەڵ ئەمەشدا من دووپاتی دەکەمەوە کە هێشتا ڕێکخراوێکی بەدیل نییە کە جێی پارتەکان بگرێتەوە و بتوانێت ئەرکی نوێنەرایەتیکردن ئەدا بکات.

*** ئەوەی لە ئەوروپای ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا روویدا ئەوەبوو لە دوای رووخانی دیواری بەرلین بەرەو دیموکراسی هەنگاویان هەڵگرت، کە نەتوانرا ئەمە لە وڵاتانی عەرەبیدا دووبارە بکرێتەوە، بۆچی قۆناغی ئینیتقالی بەرەو دیموکراسی لە وڵاتانی عەرەبیدا شکست دەهێنێت؟ ئایا هۆکارەکە کەلتورە یان چی؟**

- لە ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتیشدا دیموکراسی وەك پێویست کار ناکات، چونکە هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد ئەو پارتە لەرزۆکانە هەن کە بەڵێن دەدەن و جێبەجێی ناکەن و دواتر دیارنامێنن و نائومێدیەکی زۆر هەیە لەلایەن خەڵکەوە لە ئاست ئەم پارتانەدا. لە وڵاتانی عەرەبیدا وڵاتی تونس زیاتر مایەی گەشبینیە لەچاو وڵاتانی دیکەدا، چونکە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت بە هەمان ڕێگای وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتدا بڕوات. بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی وەك میسر بڕوانیت، ئەوا سوپا فاکتەرێکی بەهێزە لەم وڵاتەدا... لە کاتێکدا ئەم فاکتەرە لە وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا نەبوو، هەروەها کە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە چیتر سوپا لە ژیانی سیاسی ئەم وڵاتانەدا کارا نەبوو. کەواتە لە پەیوەندیدا بە وڵاتانی عەرەبیەوە دەبێت هەر وڵاتێك بە جیا وەربگریت، لە سوریادا شەڕی ناوخۆیی هەیە، لە لیبیادا دۆخێکی تەواو نائارام هەیە کە میلیشیا هەیە و هێشتا چەکیان لێ وەرنەگیراوەتەوە.

*** بە زۆری پارتە سیاسییەکان کە پارتی ئیسلامی یان چەپی رادیکاڵن لەبری ئەوەی هاوکار و یارمەتیدەر بن، دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم هێنانەدی سیستمێکی دیموکراسیدا، راوبۆچوونی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- ئەگەر پارتە میانڕەوەکان- چەپی ناوەڕاست، یان راستی ناوەڕاست، گەورە بن، ئەوا پارتە رادیکاڵەکان دەبنە کەمینە و ناتوانن پرۆسە دیموکراتیەکە رابگرن. بەڵام تاوەکو ڕێگا دیموکراسیەکان بگرنەبەر بۆ گوزارشتکردن لە داواکاریەکانیان —گرفت نابێت-، بەڵام کاتێك شێوازی نادیموکراتی دەگرنەبەر بۆ دەربڕینی داواکاریەکانیان ئەوا دەبنە مەترسی لەسەر دیموکراسی. بەڵام کاتێك گۆڕانکاری لە خۆیاندا دەکەن و پابەند دەبن بە گرتنەبەری ڕێگای دیموکراسیەوە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی خەڵك و تاوەکو لە کەمینەدا بن و نەبنە زۆرینە، ئەوا توانای پەکخستنی پرۆسەکەیان سنوردار دەبێت.

**پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بە دامەزراوەیی نەکراون، و ریشەیەکی جێگیریان نییە لە کۆمەڵگەدا**

**پارتەکان دەردەکەون و دیارنامێنن، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو بەڵێنانە جێبەجێ ناکەن کە داویانە بە خەڵک، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ڕێکخراوێکی بەدیل نییە کە جێی پارتەکان بگرێتەوە و بتوانێت ئەرکی نوێنەرایەتیکردن ئەدا بکات**

# پێوەندیی نێوان سیاسەت (دەوڵەت، حزب) و ڕاگەیاندن

# مرۆڤی تێکشکاو

١



سەرۆ قادر
saro.qadir@gmail.com
www.seroqadir.com

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

مێژووی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا وەك بەشێك لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دەستی پێکردووە. چەمکەکانی ئامانج لە ڕاگەیاندن لە کوردستاندا بە شێوەی شۆڕشگێڕی و ئایدیۆلۆژیانە داڕێژراون و تا ئێستاش بەردەوامە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لەوەدایە کە ئەلف و بای پەروەردە دەستپێکرد و جیلی دوای جیل ساڵان بەسەریدا تێپەڕین، ئیدی جێگیر دەبێ و دەچەسپێ، ئینجا لابردنی کارێکی ئاسان نابێت.

بۆ نموونە هیچ کەسمان نەدیتوە پارچە فیلمێك لەسەر جنێك تۆمار بکات، کەچی جن لە زەینماندا حزووری هەیە. لەوانەیە ئینکاری بکەین بەڵام لە وردبوونەوەی ژیانی ڕۆژانەو کاردانەوەی ناخودئاگادا دەینوێنین. ڕاگەیاندنیش وایە.

لە ساڵی ١٨٨٩وە تا ئێستا ڕاگەیاندن لەناو بزووتنەوەی سیاسی هەیە، حزبەکان لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا دایانهێناوە. بۆیە ئاسان نییە ئەمڕۆ بە بڕیارێك ئەو چەمکە بگۆڕدرێ بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێگەردو بێ موشکیلە. لە کاتێکدا خودی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دروست نەبووە. ئەوانە گرفتی ناو کۆمەڵگای ئێمەن. تەنیا هەر ئێمە تووش نەبووین بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەڵات بە گشتی وایە. ئەگەر میللەت بۆ خۆیان خانەیەکی گچکە بێت کە پەنجەرەی زۆری تێدان و پەنجەرەکانی دەکەنەوە سەر حەڵقەیەکی گەورەتر کە ڕۆژهەڵاتە. بۆ نموونە کەلتووری کورد لەگەڵ سێ لە کەلتووری ناوچەکە (عەرەب، تورك و فارس)، بە شێوەیەکی گەورەتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەورەتری بکە ڕۆژهەڵاتی گەورە و ئینجا ئاسیا، تێکەڵە. ئەو کولتوورانە هەموویان لە رەفتاری ئێمەدا کەم و زۆر، بەپێی پێویستییەکانی ژیان،بەشدارن. ئەو حاڵەتە وایکردووە ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی لە ئاسیاو لەناو ئاسیاشدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تایبەتمەندیی خۆی هەبێت.

لە وڵاتانی پەرەئەستێن، پڕۆسەی ئیستقراری دەوڵەت، پڕۆسەی داسەکنان و سوباتی کۆمەڵگا تەواو نەبووە. پڕۆسەی دروستبوونی میللەتان تەواو نەبووە. ئەوە موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە. ئێمە میللەتێکین کوردبوونمان تا ساڵی ١٩٩١ گەردی تێدا نەبوو، ئێستا کە وردی دەکەینەوە دابەش دەبێت(کە هیچ جێی مەترسیش نییە) بەسەر شێوەزار و ناوچەدا. کۆمەڵگایەك ئەوە حاڵی بێت ناتوانی ڕاگەیاندنێکی لێ داوا بکەی بکەوێتە چوارچێوەی سیستمێکی جێگیر و فراوانی نیشتمانی. پێوەندیی نێوان دەوڵەت و ڕاگەیاندن لەکیشوەری ئاسیادا تا ئێستا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، ڕوانگەی دەوڵەت بۆ هەبوونی ڕاگەیاندن لەوەدایە: دەبێ هاوکاری هەبێ لەنێوان ڕاگەیاندن و دەوڵەت. بۆ دەبێت ئەو هاوکارییە هەبێ؟ چونکە دەوڵەت تازەیەو ئەرکەکانی قورسەو پڕۆسەی گەیاندن و ڕاگەیاندن ئەگەر بکەوێتە سەر چاودێریکردنی دەوڵەت یان حکوومەت، ئەوا حکوومەت ناتوانێ کارەکانی خۆی بکات. ئەوە ڕوانگای سیستمی سیاسییە. لەکاتێکدا لە ڕۆژئاوا ڕاگەیاندن لەبەری ئەوبەری حکوومەت ڕاوەستاوە. نەك بۆ دوژمنایەتی بەڵکو بۆ چاودێری و تەواو فاسیلەی لێوەرگرتووە.

ناگەڕێمەوە سەر پڕۆسەی پێگەیشتنی سەرمایەداری لە ڕۆژئاواو پێنەگەیشتنی لە ڕۆژهەڵاتداو لە وڵاتی ئێمە بە تایبەتی. بازاڕی ئازاد لە وڵاتی ئێمەدا نەک نییە بە پێچەوانەوە وڵاتێکی مەسرەفیی بێتامە. خودی خاوەن پارەکانیشمان_ کەناکرێ چەمکی

سەرمایەدارییان بەسەردا وردکەینەوە_ چاویان لە دەوڵەتە، چاویان لە دەمی ڕاگەیاندنە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك بازاڕی ئازاد لە وڵاتی ئێمە و لە دەوروبەریشماندا بەشی ئەوەندە بەهێز نەبووە تا لە دامەزراندنی دامودەزگای ڕاگەیاندنی هاوچەرخ بەشداربێت، کە بە ملیۆنەها دۆلاری دەوێت. لە وڵاتی ئێمە بەشێوەیەکی زۆر چاوچنۆکانە تەماشای ڕاگەیاندن دەکەن. من لە تەجرەبەی خۆمدا لەگەڵ حزب دەبوایە ماندوو ببم تا دەزگایەکی تەلەفزیۆن لەگەڵ لیژنەی ناوچە بەراورد نەکرێ.تێگەیاندنی ئاسان نەبوو کە ئەرکیان وەك یەك نییە و نابێ یەکیان بەوی دیکە بشکێنێ.

ئەو تەداخولەی پرۆسەی پێگەیشتنی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات، وایکردووە بە هیچ جۆرێك ڕاگەیاندن لە حکومەت جیانەبێتەوە. حکومەت بۆخۆی پرۆسەی کامڵبوونی نەگەیشتۆتە ئەو رادەیە کە بزووتنەوەی سیاسی و عەقڵی سیاسی هێندە کامڵ بێت ئەرکی دەوڵەت لە بەڕێوەبردن و چاودێریکردندا بمێنێتەوەو هیچ مافێکی دیکەی بۆخۆی نەوێت. تا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتدا هەموو سیاسەتمەدارێك کە لە ماڵ دەردەچێت پێیوایە دەکرێ خاوەنی هەموو وڵات بێت! دەکرێ خاوەنی هەموو حزبەکان بێت!! ، ئەمە بەراورد بکە تا وەزیر و پێداوەرە خوارتریش. هیچ کەسێك بیر لە تەقسیم بوونی قۆناغەکانی ژیانی خۆی و تەعریفکردنی شێوەی بەشداریکردنی خۆی لەو بوارە دیاریکراوەی ژیاندا، ناکاتەوە. جا ئەو بوارە دیاریکراوە سیاسەت بێت، کارگێری بێت. بۆ نموونە وەزیر٢٠ ساڵ لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە!. لە مەنتقی سیاسیی کوردستاندا وەزیر دیاری دەکرێ وهیچ پرۆگرامێکی نییەو پێیدەڵێن جا تۆ خۆت برۆ ئەو وەزارەتە چاك بکە! باشە ئەم دەوڵەتە مێشکی پێگەیشتوو بەکارناهێنێ؟ خیبرە کۆناکاتەوە؟ پرۆگرامێکی نییە تا بگەڕێ وەزیرە بۆ وەزارەتێک بنێرێ تا لەو پرۆگرامەی حکومەت پێیوایە دەبێت کامڵ بکرێت، بچێت کاری لەسەر بکات و لێی شارەزا بێت؟!

وەرەوە سەر ئەم ڕوانگا سیاسییە، بەراوردی بکە چۆن تەعامول لەگەڵ ڕاگەیاندن دەکات! ئەوەیە تا ئێستا ڕێگەنەدراوە ڕاگەیاندن دەوری ڕاستەوخۆی هەبێت، چ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لەو پرۆسە پەروەردەییەی کە ئێمە لە موناقەشەکانی پێشووماندا باسمان کرد، بە قانوون وداب و نەریتی کۆمەڵایەتی، بە باوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە مەسڵەحەتی سیاسی ڕێگەی پێنادەن. ئەو رەفتارانە گەر وردیان بکەیەوە، هەموویان بەها (قیم)ی زۆر قورسی لەپشتەوە مەڵاس دراوە. بەها یەعنی ژیان، ئەگەر پێشێل کرا یان من یان تۆ، یەکمان دەبێ بمێنین. لەهەر وڵاتێك بە مەنتیقی «یان من یان تۆ» رەفتار لەگەڵ فیکر یان ڕاگەیاندن بکرێ، پێش هەموو شتێك (ماندووبوونی ناوێ) نە ڕاگەیاندن دەمێنێ نە فکر دەمێنێ، چونکە دەسەڵات و عەزەڵاتی ڕاگەیاندن و فیکر لە هی مشکێك لاوازترە. تا کەی ئەم پرۆسەیە لە ڕۆژهەڵات بەردەوام دەبێت؟ ئێمە هەموومان بەشێکین لە ناوچە هەرە سیاسی و هەرە خەشنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەردەوام یان لە شەڕداین یان چواردەورمان لە شەڕدایە.


کاتێك تۆ لە وڵاتێك دەژی لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا،یەک قسە(وشە) دەوڵەتان و حزبانی ناوخۆ و دەرەوەت لێ دەهاروژێنێ و ئینزارت دەکەن کە بۆچی گوتووتە؟ کاتێك ئەم نەفسیەتە هەیە مەسڵەحەتێك هەیە وا داوا دەکات، یەعنی گۆڕینەوە لەبەینی ئێمەو لە دەوڵەتانی دەوروبەرهەیە، یان لە بەینی ئەم حزبە و حزبەکەی دیکە یان ئەم حزبە و فڵان کەسایەتییە. ئەوە بارە کارێکی وادەکات ڕۆژنامەنووسی زانا بارنایە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێناگەن. جا ئەگەر کەمێك داهێنان لەکاری ڕاگەیاندندا هەبوو، وەختێك ئینزار دەکرێ، کاتێك تۆ پێتوایە ڕاستی و لە پڕێکا ڕێگات پێدەگرن. دەپرسی بۆ؟ بۆیەکەشت وەڵام نادەنەوە، زۆر بڕۆی ملت دەشکێنن. ئەمە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوە. ئەو پرۆسەیە تەواو نابێت تا ئەوکاتەی ئیستقراری کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت.کەی ئیستقراری کۆمەڵایەتی دەبێت؟ بە دەوڵەتی بەهێز تا جموجۆڵ نەمێنێ؟ ماوەیەکی دوورودرێژ تاساڵی ١٩٩٠، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی ئەم ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی هەبوون، حکوومەتی زۆر بەهێز لەسەر کاربوون و پێکهاتەکانیان دەپلیشاندەوە و ئازادی نەبوو. کاتێك کرانەوە، دەرکەوت بریتین لە زوڵم و ئیبادە و پێشنەکەوتن و چەق بەستن لەبواری کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی مرۆڤایەتی. کەواتە بە دەوڵەتی بەهێزی کۆنترۆڵکار، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دروست نابێت. تەنیا ڕێگا ئەوەیە کۆمەڵگا بکرێتەوە، لە کرانەوەدا ئەم وەزعەی ئێمە هەمانە، بە کەمێك باشتری دەستپێدەکات. هەموو پێکهاتەکانی وڵات تەعبیر لە خۆیان دەکەن، موناقەشە دەکەن و سەرەنجام پرۆسەیەکی تەکمیلیی و خۆناسین و دەوروبەر ناسین و کۆمەڵگا ناسین و لێکۆڵینەوە لە وردەکاری ژیان وا دەکات تواناکانی کۆمەڵگا بکرێتەوە، توانای فەردی بکرێتەوە، لە چوارچێوەی ئەواندا مافی بیرکردنەوەو مافی پرسیارکردن و مافی چاودێریکردنی بدرێت بە هەمووکەس. لەنێو هەموو ئەو کەسانەدا ئەو نوخبەیەی کە دەوری بیرکردنەوە و چاودێریکردن لە کۆمەڵگادا دەبینن و پێیان دەوترێ ڕۆشنبیران و ڕاگەیاندن، بە قانوون دەکەونەوە ناو ئەو سیستەمەی باسمان کرد: سیستەمی ڕاگەیاندن و گەیاندنی زانیاری.

دەڵێن ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە. ئەم چەمکە موناقەشەی لەسەرە. گەر دەسەڵات بێت وەك سێ دەسەڵاتەکەی دیکەی دەوڵەت، دەبێ بەشێك بێت لە سیستەمی دەوڵەتی و نابێ هیچ قسەیەك بکات غەیری مەسڵەحەتی رەسمی نیزام. سیستەمی سیاسی و عەقڵی قانوونی و ڕوانگای کۆمەڵگا، چۆن ڕوانگای بۆ پەروەردەی باش هەیە دەبێ بۆ راگەیاندنیش هەروا بێت. دەوڵەت ددان بە ڕوانگای باشدا دەنێت. دەبێ نوخبەی بگاتە ئەم قەناعەتە کە ڕاگەیاندن بریتییە لە سیستەمی گەیاندنی زانیاری و سیستەمی بیرکردنەوەی وڵاتە، بەبێ ئەوەی بە قانوون لە شوێنێکی دیاریکراوی جیهازی دەوڵەت دابنرێت، پێویستە پشتیوانیی بکرێ تا کاری خۆی بکات. ئەگەر ئەم ڕوانگایە بەباش بزاندرێت کە تاکە ڕێگە، ئەوکات دەبێ دەوڵەت چۆن بۆ بوارەکانی دیکەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بودجەو پشتیوانی و پەروەردە دابین دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکی هەبێت، بۆ راگەیاندنیش هەروا بکات. چاوەروانی دەوڵەت دەبێ بریتی بێت: سیستەمی راگەیاندن ئەرکی خۆی بۆ کۆمەڵگا بەباشی بگێڕێت و لە هەر سیستەمێکیشدا میکانیزمی چاودێری تایبەتمەندی خۆی لەناو خۆیدا هەیە. لەناو کۆمەڵگادا ئەگەر لانی کەمی پرۆسەی پێشکەوتنی ئاسایی هەبێت، سیستەمەکان چاودێریی و منافەسەی یەکدی دەکەن. کاتێك ڕاگەیاندن کەم و کوڕی هەبێت لە بەشەکانی دیکەی سیاسەت و حکوومەت بەڕێوەبردن و پەروەردە و بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەستی پێدەکەن و دەیخەنە ژێر فشار. تاکو ئێستا ئەم قەناعەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە.

**لە وڵاتانی پەرەنەسەندوو، پرۆسەی ئیستقراری دەوڵەت، پرۆسەی داسەکنان و سوباتی کۆمەڵگا تەواو نەبووە. پرۆسەی دروست بوونی میللەتان تەواو نەبووە**

**لەهەر وڵاتێک بە مەنتیقی «یان من یان تۆ» رەفتار لەگەڵ فیکر یان ڕاگەیاندن بکرێ، پێش هەموو شتێک (ماندووبوونی ناوێ) نە ڕاگەیاندن دەمێنێ نە فکر دەمێنێ**

**ڕاگەیاندن بریتییە لە سیستەمی گەیاندنی زانیاری و سیستەمی بیرکردنەوەی وڵات، بەبێ ئەوەی بە قانوون لە شوێنێکی دیاریکراوی جیهازی دەوڵەت دابندرێت، پێویستە پشتیوانیی بکرێ تا کاری خۆی بکات**



## ئەیاد جەمالەدین بۆ گوڵان:

# نەخشەی سیاسیی عیراق تەنیا بە هەڵبژاردنی یەک بازنەیی گۆڕانکاریی بەسەردادێت



**ئەیاد جەمالەدین سیاسەتمدارێکی ناوداری عیراقییە و خاوەن چەندین بڕوانامەیە لە زانستە ئایینیەکان و فەلسەفەو سۆفیگەری، دیدو بۆچوونی تایبەتی لەسەر پێکهێنانی دەوڵەت هەیەو پێی وایە پێویستە دەوڵەتێکی عیلمانی لە عیراق لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوە لە دەستێوەردانی مەرجەعییەکان و تێکەڵکردنی ئایین بە سیاسەت دابمەزرێت کە ڕەچاوی فرەنەتەوەیی و ئازادییە سەرەکییەکان بکات،لەم دیدارە تایبەتییەدا لەگەڵ گوڵان وەڵامی چەندین پرسیاری دایەوە پەیوەست بە بارودۆخی عیراق و حوکمڕانی و سیاسەتی ئێستای دەوڵەت و نەبوونی سەروەریی یاساو ئەو قەیرانەی کە ڕووبەڕووی حکومەت بووەتەوە.**

**هۆکاری بنەڕەتی ئەم قەیرانە ئەوەیە کە هێزێک نییە بتوانێت یاسا لە عیراق سەروەربکات و بواری ئەمنی و دادپەروەری بنیاد بنێتەوە**

*** حکومەتی عیراق پێی وایە کە هێز لە بوونی سوپا و دەست کەوتنی چەك و ساروخدایەو بیر لە مەسەلەی شەراکەت ناکاتەوە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، چۆن دەکرێت ئەم لایەنە راست بکرێتەوە؟**

- بەر لە هەموو شتێك ناکرێ هەنگاو بۆ ئێستا بهاوێژرێت بێ گەڕانەوە بۆ رابردووی نزیك لە عیراقدا،ئەو رابردووەش بریتییە لەوەی کە رژێمی صەدام و بەعس کۆمەڵگەی عیراقییان پارچەپارچە کرد، کاتێ دروشمی ناسیۆنالیستی عەرەبی بەرزکردەوەو سەرسەختانە پەیرەوی کرد،ئەم دروشمە زیان بە عیراق و یەکێتیی کۆمەڵگەکەی دەگەیەنێت،ئەم رژێمە کاتێ باس لە نەتەوەی عەرەبی دەکرد بەم شێوەیە عیراقی ناشیرین کرد ، چونکە هەموومان دەزانین کە لە عیراقدا چەندین نەتەوە هەن،کە بێجگە لە عەرەب کورد و تورکمان و زۆر نەتەوەی دیکە دەژین، بۆیە بە درێژایی ٣٥ ساڵی حوکمی بەعس گیانی نیشتمانی عیراقی پێشێلکرا،یەکێتیی گەل هەڵوەشایەوە بەزەبری پیادەکردنی سیاسەتێکی چەوت کە مایەی نارەزایی زۆرینەی گەلی عیراق بوو، ئەمە وێرای ئەو هەموو شەڕوشۆڕەی کە رژێم لە عیراق هەڵیگیرساند، بۆیە دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە و دوای لەناوچوونی خودی رژێمیش کێشەو مەینەتییەکان هێشتا بە عیراق و عیراقییەکانەوە دیارەو بەردەوام قەیران و ململانێ سەرهەڵدەدەن، لەوانە گوتاری تایفی شیعی یان سوننی کە کاریگەریی زۆری بۆ سەر رەوتی یەکگرتوویی توێژو چینەکانی کۆمەڵگەی عیراقی بەجێهێشتووە،کە هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین بە درێژایی ئەو ١٠ ساڵەی دوای رووخانی رژێمی پێشوو ئەو وڵاتە نەیتوانی جارێکی دیکە ناسنامەی نیشتمانی خۆی دەست کەوێتەوەو دامودەزگاکانی خۆی بە شێوەیەك بنیادبنێتەوە کە لە خزمەتی میللەتی عیراقدا بێت،هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هێزێك نییە بتوانێت یاسا لە عیراق سەروەربکات واتا بواری ئەمنی و دادپەروەری بنیاد بنێتەوە.

دیارە هۆکاری بنەڕەتیی ئەمەش ئەوەیە کە هێزو دەسەڵات لە دەستی چەند حزبێکدایە،بۆ نموونە دادگاو دادوەری لە دەستی حزبێکی دیاریکراودایە بە حەزو ئارەزووی خۆی ئەوەی بیەوێت دەیکات لە بریارو راسپاردە بێ ئەوەی یاسا رۆڵی تەواوی خۆی بگێڕێت،بۆیە لەنێو هیچ توێژێکی کۆمەڵگادا متمانە بە دادگاو دەسەڵاتی دادوەری نەماوە،وێرای بڵاوبوونەوەی بەرتیل و گەندەڵی لەنێو زۆربەی جومگەو دامودەزگاکانی دەوڵەت،بە کورتی ئەو هێزە سیاسییەی کە دوای رووخانی رژێم هاتەسەر حوکم لە عیراقدا تا ئێستا شکستی هێناوە لە گەڵاڵەکردنی دیدگایەکی روونی سیاسیی یەکگرتووی نیشتمانی،بۆیە دەبینین لە رووی ئابووریشەوە ئەم حکومەتەی دوای رژێمی پێشوو جڵەوی حوکمی گرتەدەست بەو بودجەیە زەبەلاح و زۆرو زەبەندەوە هیچی بۆ عیراقییەکان نەکرد نە توانی شەقامێك یان قوتابخانەیەك یان نەخۆشخانەیەك دروست بکات، نە توانی گوزەرانی خەڵکەکە چاك بکات،یان خزمەتگوزاریی ئاو و کارەباو شارەوانی و شتی دیکە فەراهەم بکات،بەڵام بۆ ئەوەندە ئازان کە دروشمی تایفی بەرزبکەنەوە چ لەلایەن هەندێ حزب و لایەنی شیعەوە یان سوننەوە،بۆیە گێشەو گرفتەکان لە عێراق زۆر لەوە قووڵترن و پێویستیان بە چارەسەری ریشەیی هەیە.

*** باشە کوا مافی هاووڵاتیبوون، کە لەم بەینەدا ون بووەو لەبەرچاو ناگیرێت؟**

- هاووڵاتی لە سەرو ماڵی خۆی دەترسێت، چونکە ئاساییش نەما بیرکردنەوەش نامێنێت،بۆیە لەدەستدانی ئەمن و ئاسایش ناهێڵێت مرۆڤ بیروبۆچوونی خۆی بە تەواوی بخاتەڕوو،چونکە خەڵکەکە نازانێت روو لە کێ و لە کوێ بکات، لە حکومەتێك کە تایفییەت پەیرەو دەکات ،بۆیە دەبینین روو لە تایەفە و هۆزەکانی خۆیان دەکەن،یاخود پەنا بۆ ئەو لایەنە دەبەن کە توانای پارێزگاریکردنی سەر وماڵیانیان هەیە،هەر بۆیە پێموایە گیانی نیشتمانی لای عیراقییەکان لە ناوچووەو نەماوە بەڵام نەك رەگ و بناغەکەی، چونکە لەو باوەڕەدام کە خەڵکی عیراق رەسەنەو پارێزگاریی لە رەسەنایەتیی خۆی دەکات،بۆیە ئەم خەڵکە چاوەڕێی ئەو حکومەتە دەکات کە توانای هەبێ ئەمن و ئاسایشی بۆ دابین بکات ئەو کاتە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە هەست بە لێپرسراوێتی دەکات و روو دەکاتە ئاوەدانکردنەوە بنیادنانی نیشتمان،لە ئێستادا ترس باڵی بەسەر هەموو گەلی عیراقدا کێشاوە، ترس لە کوشتن و تیرۆرو تۆقاندن، ترس لە گەندەڵی، لە راوەدوونان و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی.

*** ئەوەی زانراوە کە جیاوازیی هەیە لە نێوان بیرکردنەوەی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە نێوان بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەورووپی، بەو ناوەی کە ماوەیەکی زۆر لە هەندەران ژیاون،بۆچی ناکرێ ئێمەش وەك ئەوان بیر بکەینەوە لە بواری پیادەکردنی سیاسەتێکی نەرم و نیانی حوکم و بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانمان لە باتی ئەوەی تەنیا بیر لە هێزو توانای سەربازی و توندو تیژی بکەینەوە؟**

- هەموو کەسێك بیر لەبەکارهێنانی هێز دەکاتەوە و بەکاری دێنێت، بەڵام وەك دەوڵەت نەك وەك حزب و

مێلیشیاو تایفەو عەشیرەت،هەموو سیستەمێکی حوکم لە دنیادا هێزی هەیە،هێزی یاسا ئەوەی سەرپێچی بکات بە یاسا سزا دەدرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت،هەموو دەوڵەتێك سوپاو پۆلیس و ئەمن و هەواڵگریی هەیە، بۆ نموونە لە ئەمریکا سوپاو ١٦ دەزگای موخابەراتی و هەواڵگریی هەیە بێجگە لە پۆلیسی فیدراڵی و ولایەت و هێزی دیکە، بەڵام هەموویان بەدەست حکومەتەوەن نەك بەدەستی مێلیشیاو تایفەو حزبەکان، من پێشتریش ئاماژەم بەوەدا کە دادگاو سیستەمی دادوەری ڕێکخەرو پارێزەری ژیانی هاووڵاتیانە، لای خۆمان دادگا سەربەخۆ نییەو دادوەر لە ژیان و ڕۆحی خۆی دەترسێ کە ئەگەر حوکم بە یاسا بکات ڕەنگە بکوژرێت یان لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە،لە عیراق هێزی یاسا لە دەست مافیاو چەتەو پیاوکوژاندایە کە کۆنترۆڵی زۆربەی جومگەکانی سیاسی و ئابووریی و حوکمڕانیی وڵاتیان کردووە،من زۆر جار گوتوومە بە تایبەتیش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کە خەڵکەکە ڕزگاربوو و هەوای ئازادی هەڵمژی ئەوەیە کە مەرج نییە سیستەمی دیموکراتییەت لە هەروڵاتێکدا وەك ئەوەی سوید و سویسرای لێ بکەوێتەوە، بۆیە ئەو دیموکراتییەتە لە عیراق ئەو کاتە سەر دەگرێت و سەرکەوتن بەدەست دێنێت کاتێ بکەوێتە دەست حکومەت و دەوڵەت نەك تاقم و مافیاو حزب و بازرگان و سیاسەتمەداری گەندەڵ کە گاڵتە بە چارەنووسی ئەم میللەتە دەکەن و بەم ڕۆژەیان گەیاندووە کە هەموو ئەو خەڵکە لە دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقیندا ژیان بەسەردەبات،کە ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە بۆ سەرجەم گەلی عیراق.

***لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو چەندین زاراوەی نوێ هاتنە ئاراوە، وەکو دیموکراتییەت و شەراکەت و سازانی نیشتمانی، بەڵام بینیمان کە هیچ کامێکیان شوێنی خۆی لە حوکمڕانیی سیاسیی ئەو وڵاتە نەگرت، بە رای ئێوە چارەسەرەکە لەکوێدایە، ئایا بگەڕێینەوە بۆ سیستەمی یەك سەرکردەیی و یەك حوکمڕانی؟**

- لە ڕاستیدا زاراوەی شەراکەت و سازانی نیشتمانی هەمووی پەردەیەکە بۆ داپۆشینی کاری مافیاو شەراکەتی تایفی و سازانی تایبەت لە نێوان حزبە دەستڕۆیشتووەکان،چارەسەری ئەم کێشەیە لەدەست خودی گەلی عیراقە کە توانای گۆڕینی هەیە ئەگەر یەك بگرن، چونکە ئەو خەڵکە زۆر ناخۆشییان چەشت بەدەست نەبوونی دادپەروەری و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و جیاوازیی،بۆیە هیچ کەسێك نەیتوانیوە مافی تەواوی خۆی بەدەست بێنێت،لە دامەزراندن و وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگاکان کە بە ئارەزووی قوتابیان و حەزو توانای زانستییان نییە، ئەو هەموو دیاردە دزێوانەش تەنیا بە یەکگرتنی عیراقییەکان دێتەدی ئەویش لە ڕێی پێکهێنانی هێزێکی تازە کە بتوانێت بارودۆخەکە بگۆڕێت و گوزەرانیان چاك بکات و شکۆمەندییان بۆ بگێڕێتەوە، دیارە هەر پارێزگایەکیش لەگەڵ ئەوەی دیکە جودایە، بەڵام گەندەڵی و نادادپەروەری هەموو شوێنێکی ئەو عیراقەی گرتۆتەوە بە هۆی هەژموون و دەسەڵاتی مێلیشیاو حزبە دەسەڵاتدارەکان،بۆیە لە بەرژەوندیی ئەو مێلیشیاو مافیانەدایە کە تیرۆر بمێنێت و بەردەوام بێت، چونکە لە سایەی ئەو بارودۆخە ناجێگیرو پشێوییەی ئێستا ئەوان زیاتر خۆیان دەوڵەمەند دەکەن و درێژە بە حوکمەکەیان دەدەن.

*** کەواتە ئێوە لەو بڕوایەدان بە بوونی شەراکەتێکی ڕاستەقینەی نیشتمانی دەتوانرێت حوکمێکی نیشتمانی دادپەروەر بێتە ئاراوە؟**

- باشە شەراکەتی ڕاستەقینە لە نێوان کێ؟ پێویستە هێزی نیشتمانیی ڕاستەقینە هەبن کە خاوەن دیدگای نیشتمانی تەواو بن،بەڵام بە بوونی مافیاو چەتەکان ئەمە نایەتەدی ،بۆ نموونە سەرۆکی دادگا لادەبرێت دواتر بە فەرمانێکی دیکە دەگەڕێنرێتەوە ئا بەو شێوەیە،بۆیە پێویستە شەراکەت لە عیراق لە نێوان هێزو لایەنی باوەڕپێکراو و ڕاستەقینەدا بێت و حوکمیش لە دەست هەموو حزبەکاندا بێت نەك تاکە حزبێك خۆی بەسەر وڵاتدا بسەپێنێت،تەنانەت ئەو حزبانە هەموویان لە پەرلەمان ئەندام و نوێنەریان هەیە، بەڵام پەرلەمان توانای دامەزراندنی وەزیرێکی نییە،ئەوە چەند ساڵە عیراق ناتوانێت وەزیرێك بۆ بەرگری دابنێت، هەروەها بۆ ناوخۆ و بۆ ئەمن و بۆ موخابەرات، لە کاتێکدا کە عیراق ڕووبەڕووی شەڕی تیرۆر دەبێتەوە،هەموو ئەو پۆستانە لە دەستی سەرۆکی ئێستای حکومەتدایە کە بە وەکالەت بەڕێوە دەچن.

***دوای چەند مانگێکی دیکە لە عیراق هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، ئایا نەخشەی سیاسیی عیراق- بە رای ئێوە – دوای ئەم هەڵبژاردنە چۆن دەبێت؟**

- ئەگەر یاسای ئێستای هەڵبژاردن وەك خۆی مایەوە، ئەوا هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت، بەڵام ئەگەر یاساکە هەموارکرایەوەو بوو بە یەك بازنەی هەڵبژاردن ئەوا ڕەنگە نەخشەی سیاسیی وڵات گۆڕانکاریی بەسەردابێت،ئەویش بەهاتنە پێشەوەی هێزی تازەی سیاسی کە توانای گۆڕینی نەخشەی بەڕێوەبردنی عیراقی هەبێت،من لەگەڵ یەك بازنەیی هەڵبژاردندام کە بتوانێت لە هێزو دەسەڵاتی ئەو مافیایانەی حوکمڕان و کاربەدەستان کەم بکاتەوە.

**زاراوەی شەراکەت و سازانی نیشتمانی هەمووی پەردەیەکە بۆ داپۆشینی کاری مافیاو شەراکەتی تایفی و سازانی تایبەت لە نێوان حزبە دەستڕۆیشتووەکان،چارەسەری ئەم کێشەیە لەدەست خودی گەلی عیراقە کە هەر ئەو توانای گۆڕینی هەیە**

**پەرلەمانی عیراق توانای دامەزراندنی وەزیرێکی نییە،ئەوە چەند ساڵە ناتوانێت وەزیرێک بۆ بەرگری و بۆ ناوخۆ و بۆ ئەمن و بۆ موخابەرات لە کاتێکدا کە بەردەوام ڕووبەڕووی تیرۆر دەبێتەوە**



## خالید شوانی:

# هیچ لایەنێک ناتوانێت پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکان بە زۆرینە تێپەڕێنێت

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد کە پێکهاتبوو لە ئوسامە نوجێفی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و ژمارەیەك نوێنەر و سەرۆکی کوتلە سیاسییە عەرەبییەکان و نوێنەری گشت کوتلە کوردییەکانی پەرلەمانی عێراق، جگە لە فراکسیۆنی گۆڕان.
لە کۆبوونەوەیەکدا کە تایبەت بوو بە باسکردنی وردەکاریەکانی یاسای هەڵبژاردن سەرۆك بارزانی ئەوەی خستەڕوو کە نادادپەروەری و زوڵمێکی زۆر لە کورد کراوە، بۆیە پێویستە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکرێتەوە و لەم بوارەوە پێویستە چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە، بەڵام نابێ لەسەر حیسابی کورد بێت، سەبارەت بەم کۆبوونەوەیە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ خالید شوانی ئەندامی هاوپەیمانی کوردستان ئەنجامدا کە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** لە کۆبوونەوەتان لەگەڵ ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان گرنگترین ئەو مەسەلانەی باستان کرد، چی بوون؟**

- ئێمـــە کۆبوونەیەوەکمـــان لەگەڵ جەنابی ســـەرۆکی هەرێم هەبوو وەك ئیئتیلافی لایەنە کوردیەکان و لیســـتی موتەحیدون و رەوتی ســـەدری و فەزیلە بۆ گفتوگۆ کردن لەســـەر یاسای هەڵبژاردنەکان، ئێمە وەکو کورد دەمانەوێ یاســـایەکی دادپەروەرانە دەربچێت کە ئیســـتیحقاقەکانی کـــوردی تێدا بەدی بێت و مافی کوتلەکانی ئێمە بەفیڕۆ نەچێت، بەپێی ئەو سیستمەی ئێستا هەیە زیانێکی زۆر بە کورد دەگات، چونکە لە کوردستان یەك کورسی پەرلەمان بە ٤٥ تا ٥٠ هەزار دەنگـــە، کەچی لە خوارووی عێراق بە ٢٦ هەزار دەنگە، واتە هەرچەندە ژمارەی دەنگدەرمان زیاد بکات، بەڵام ژمارەی کورسییەکانمان زیاد ناکات لە پەرلەمانی عێراق، بۆیە ئێمە بـــەدوای ئەم دادپەروەریەدا دەگەڕێین، لایەنەکانی دیکە تا رادەیەك گەیشـــتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کورد زوڵمی لێکراوە، بەڵام تا ئێســـتا نەهاتوونەتە ژێر باری ئەوەی کە ئەم دادپەروەریە بێتە دی، بۆیـــە لە ماوەی داهاتوودا بەردەوام دەبین لە گفتوگۆ بەو هیوایەی بگەینە دارشتنێکی تەوافوقی لەسەر یاساکە.

*** ئەگەر تا ٣٠ ئەم مانگـــە نەگەنە ئەنجام و بەزۆرینە یاساکە تێپەڕێنرێ هەڵوێستی ئێوە چی دەبێ؟**

- جارێ ئەوە دیار نییە کە ٣٠ مانگ وادەیەك بێت کۆتایی بێت، ئێمە لـــە گفتوگۆکانمان بـــەردەوام دەبین تا دوای ٣٠ مانگیـــش بەردەوام بێت پێموانییە یاســـاکە بە زۆرینە تێبپەڕێنرێـــت، لەبەرئەوەی هەموو لایـــەك کاردانەوەکانی تێپەڕاندنی یاساکە بە زۆرینە دەزانن و ئەگەر بەو شێوەیەش بێت ئەوا لە دادگای ئیتیحادی فیدرالی بە ئاسانی ڤیتۆ دەکرێتەوە، چونکە پێشـــنیاری یاســـایە نەك پرۆژە یاسا، لایەنە عەرەبییەکانیش ئەمە بـــاش دەزانن بۆیە لەگەڵیدا نین کە بەبێ ویستی کورد تێبپەڕێنرێت.

*** لە ئێســـتاوە باس لەوە دەکرێ کە ٢٠ کورسی قەرەبوو دابنرێت، ئەمەیان چۆنە؟**

- زیادکردنی ژمارەی کورســـی قەرەبوو بۆ ئێمە گرنگ نییە ئەگەر بێتو بەپێـــی ژمارەی دەنگدان نەبێت، ئەگەر هەر شـــێوەیەك دادپەروەری لە دابەشکردنی کورسییەکان بێتە دی ئێمە پێی رازی دەبین، بەڵام ئەگەر بەپێی رێژەی کورســـییەکان دابـــەش بکرێت، ئەوا هیچ لە مەســـەلەکە ناگۆڕێت.

*** تەوافـــوق لە عێـــراق چ بەهایەکی هەیە کە ئێمە وەکو هەمیشـــە لە مەسەلەی زۆرینە و کەمینە هەست بە ترس دەکەین؟**

- یاســـای هەڵبژاردنەکان یاسایەکی گرنگە و ناکرێ بە زۆرینە و کەمینە تێپەڕێنرێت، بۆیە دەبێ تەوافوقی لەسەر بکرێت و تەوافوقیش نابێ لەســـەر حیســـابی کورد بێت، هەروەها زۆرینە و کەمینەش نابێ دژی کورد بێت، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لە سیاســـەتدا ئاساییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە لە دەرئەنجامدا بتوانین پارێزگاری لە مافەکانی خۆمان بکەین.

*** هەوڵدانی لایەنەکانی دیکە بۆ پەراوێزخســـتنی کورد لەچیدا دەبیننەوە؟**

- من پێموایە لایەنەکانی دیکە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانن کورد پەراوێز بخەن، بۆیە گفتوگۆکان بەردەوامن لەسەر پرۆژە یاساکە چ وەك گفتوگۆی خۆمان لە دەرەوە و ناوەوەی پەرلەمانیش، چونکە ئەمە یاســـایەك نییە ئاوا بە ئاسانی تێبپەڕێنرێت و بەلای ئێمەوە گرنگە بگەین بە تەوافوقێك.

*** دوایین تێڕوانینتان چییە بەتایبەتی دوای کۆبوونەوەتان لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی؟**

- پێموایـــە کەشـــوهەواکە ئیجابیترە، بـــۆ نموونە لایەنە ئامادەبووەکان دانیان بەوە نـــا کە کورد غەدری لێکراوە و ئەوان دەیانەوێ ئەو کورســـییانەی کورد قەرەبوو بکرێنەوە و دادپەروەری هەبێت لە دابەشـــکردنی کورسیەکان، بەڵام بەدوای میکانیزمێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بتوانرێ باشتر دابـــەش بکرێن، ئەمەش ئەو خاڵەیە کـــە خراوەتە روو بۆ گفتوگۆ کردن، ئەگەر نەگەین بە تەوافوق پێموانییە هیچ لایەنێك بـــە زۆرینە و کەمینە یاســـاکە بڕوێنن و ئەگەر بشـــیانەوێ ئەمە بکەن ئەوا هەنگاوی لەم جۆرە ناهاوێن لەبەر چەنـــد ئیعتبارێك لەوانە زۆربـــەی کوتلەکانی ناو پەرلەمان لەگەڵ چەند بڕگە و خاڵی گرنگی ناو یاساکە کە گرفتی سیاسی زۆر گەورەی بەدواوەیە کێشەیان هەیە بۆ نموونە سیستمی هەڵبژاردنەکان کە هەندێکیان دەیانەوێ (هۆندك) بێ و هەندێکی دیکە دەیانەوێ (ســـاندی کۆ) بـــێ کە ئەمە ناکۆکی زۆری لەســـەرە لە نێو کوتلەکانی پەرلەمان و بە ئاســـانیش چارەسەر ناکرێ، چونکە هەموو لایەك دەیەوێ دەنگەکانی خۆی مســـۆگەر بکات و ئەو سیستمە پەیڕەو بکرێ کە بتوانێ سەربکەوێت، بۆیە ئەمە تەنیا بە کورد یەکلایی دەکرێتەوە کە دەنگ لەگەڵ کامەیان دەدات، بۆیە ناتوانن بێ کـــورد بچنە ناو هەڵبژاردنەکان، هەروەها ئەمە تا ئێســـتا پێشـــنیارە و دەنگدانی تایبەتی و ئالیەتەکانـــی ئەژمار کـــردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان و مەرجەکانـــی کاندید و خۆکاندید کـــردن ئەمانە خاڵی ناکۆکی زۆری تێدایە ئەگەر پێشتر لێکتێگەیشتن دروست نەبێت کەس ئامـــادە نییە ئەو موجازەفەیە بکاتە و بچێتە هۆڵی پەرلەمان بۆ تێپەڕاندنی، خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە یاســـاکە وەکو پێشنیارە بەم پێیەش هەر لایەنێك لەبـــەردەم داداگای باڵای ئیتیحادی تانەی لێبدات ئەوا هەڵدەوەشـــێتەوە، بەمەش هەڵبژاردن لە عێراق ئەنجام نادرێت، کەواتە تێپەڕاندنی ئاسان نییە.

**لە کوردستان یەک کورسی پەرلەمان بە ٤٥ تا ٥٠ هەزار دەنگە کەچی لە خوارووی عێراق بە ٢٦ هەزار دەنگە، واتە هەرچەندە ژمارەی دەنگدەرمان زیاد بکات، بەڵام ژمارەی کورسیەکانمان زیاد ناکات لە پەرلەمانی عێراق**

**پێشنیاری یاسایە نەک پرۆژە یاسا، لایەنە عەرەبییەکانیش ئەمە باش دەزانن، بۆیە لەگەڵیدا نین کە بەبێ ویستی کورد تێبپەڕێنرێت**

**یاسای هەڵبژاردنەکان یاسایەکی گرنگە و ناکرێ بە زۆرینە و کەمینە تێپەڕێنرێت، بۆیە دەبێ تەوافوقی لەسەر بکرێت و تەوافوقیش نابێ لەسەر حیسابی کورد بێت**



## هەر گۆڕانکارییەک لە سیستەمی موووچەی عێراق بکرێت هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە

### وەزیری دارایی و ئابووری بۆ (گوڵان):

# هیچ ساڵێک بودجەی هەرێمی کوردستان لەکۆی بودجەی عێراق لە ١٢٪ تێپەڕی نەکردووە

## لەساڵی نوێدا ١٥٠٠٠ فەرمانبەر دادەمەزرێت

■

## پێشینەکانی (هاوسەرگیریی و خانووبەرەو کشتوکاڵ و پیشەسازیی و گەشتوگوزار) بەردەوام دەبێت

■

## پەروەردەو تەندروستی لەریزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کارەکانی ساڵی داهاتووی حکومەت دەبێت

**شێخ بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و ئابووری لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵاندا لەسەر زۆر تەوەرەی تایبەت بە بودجەی ٢٠١٤ی هەرێمی کوردستان و پێشینەکانی (هاوسەرگیری و خانووبەرەو کشتوکاڵ و پیشەسازیی و گەشتوگوزار) و رێکخستنەوەی مووچەی پلە نزمەکان قسەی کرد، بەڕێزی ئاماژەی بەوە کرد بۆ ساڵی نوێ خەرجییەکانی ئیفادو سەفەر و کڕینی کەمالییات کەم دەکرێتەوە، سەبارەت بە سیستەمی بانکەکانیش کە سەر بەسیستەمی بانکەکانی عێراقە و سیستەمێکی کۆنە و بۆ ئەمساڵ هەوڵی بەمۆدێرن کردنی بانکەکانی هەرێم دەدرێت. ئەمەش دەقی دیمانەی بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و ئابوورییە.**

*** وەکو کەسێکی شارەزاو پەیوەندار بە داڕشتنی بودجەوە دەکرێت بزانین دوا وردەکارییەکانی بودجەی ساڵی ٢٠١٤ی هەرێمی کوردستان بەکوێ گەیشتووە، تا چ رادەیەك ئاگاداری بەشە بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستانن لەبودجەی گشتی عێراق؟**

- گفتوگۆکانی تایبەت بە بودجەی ساڵی ٢٠١٤ی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتەکان تەواو بووە، دوای ئەوەی بەپێی ئەو خشتەیەی لەلایەن وەزارەتی دارایی ئامادەکرابوو هەر رۆژەو لەگەڵ وەزارەتێك گفتوگۆ کرا، ئێستا سەرقاڵی ئەوەین بەسەر فەسڵ و ماددەکان دابەش بکرێت و تەوحید بکرێت و بە راپۆرتێك رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ بۆ ئەوەی دیراسە و راو سەرنجی خۆیان لەبارەوە بدەن، لەپاشان رەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی. تا ئێستا بودجەی هەرێمی کوردستان تەواو یەکلا نەکراوەتەوە بەهۆی ئەوەی بودجەی گشتی عێراق رۆژانە کەم و زیاد دەکرێت، بۆیە تا بودجەی گشتی عێراق لە ئەنجوومەنی نوێنەران پەسەند نەکرێت، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دیار نابێت، بەڵام بەگوێرەی ئەو ژمارانەی کە باس دەکرێن لە سەرووی (١٨) ترلیۆن دیناری عێراقی دەبێت.

*** ئایا ئەو بودجەیە لەئاست داواکاری وەزارەتەکانی هەرێم دایە؛ بۆ ئەوەی بتوانرێت بودجەکانیان کۆی پرۆژەکان تەمویل بکات کە خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان داخوازی دەکەن؟**

- بەو بودجەیەی کە لە حکومەتی ناوەندەوە بۆمان دێت کە هیچ ساڵێك ١٧٪ نییە، هیچ ساڵێکیش لە ١٢٪ تێنەپەڕیوە، بۆیە ناتوانرێت وەك پێویست داخوازی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و داواکاری وەزارەتەکان جێبەجێ بکەین، چونکە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بوژانەوەی ژێرخانی ئابوورییەوە پرۆژەی ستراتیژی و ئاوەدانکردنەوەی لە هەموو بوارەکان دەست پێ کردووە. وەك تموح ئەو بودجەیە بەشمان ناکات، چونکە هەروەك دەزانین هەرێمی کوردستان بەهۆی سیاسەتی رژێمی بەعسی پێشوو لە هەموو روویەکەوە وێرانکراوە و پشتگوێخراوە.

*** کەواتە بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە داواکاریی کەمالیات و کڕینی ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرزو گۆڕینی دیکۆرات و ئیفادە زۆرەکان لەوەزارەت**

**و فەرمانگەكان كەم دەكەنەوە؟**

- مەسەلەی دەستپێوەگرتنی پارەو خەرجیەكان و كەمكردنەوەی زیادە مەسرەفی پێشتریش جێبەجێكراوە و كڕینی ئۆتۆمبێل و ناردنی شاند بۆ دەرەوەی وڵات و دامەزراندن بەشێوەی گرێبەستیش بە تەواوی ڕاگیراوە، تەنیا لە حاڵەتی زۆر دەگمەن و پێویست نەبێت.

*** لەبودجەدا ڕێژبەندی بەچ دراوە سێكتەرێك بەتایبەتی كە هەموو ساڵێك پلان دادەنرێت كەچی تەنیا لە ١٠٪ی پێداویستی وەزارەتەكان دابین دەكرێت؟**

- لە ریزبەندی بودجەی ئەمساڵ ئەولەویەت دراوە بە بوارەكانی (پەروەردە - كەرتی تەندروستی - خوێندنی باڵا - ئەمن و ئاسایش - كشتوكاڵ - ئاوەدانكردنەوە).

*** گەر بمانەوێت ژێرخانی ئابووری بەتەواوەتی بونیاد بنرێتەوەو قۆناغەكانی پەرەپێدانی ئابووری جێبەجێ بكرێت پێویستمان بەسیستەمی ڕێكوپێكی بانكی دەبێت؛ وەكو وەزیرێكی دارایی و ئابووری لەسیستەمی بانكی لەهەرێمی كوردستان ڕازیت؟**

- سەبارەت بە سیستەمی بانكی لە هەرێمی كوردستان وەك دەزانین هەرێمی كوردستان بەشێكە لە عێراقی فیدراڵ، بۆیە بەهەمان سیستەمی بانكەكانی عێراق كار دەكات كە سیستەمێكی زۆر كۆنە، بەڵام وەزارەتی دارایی هەرێم لە هەوڵی بە مۆدێرن كردنی بانكەكانی هەرێمە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی بانكی تەكنەلۆجیا كە كار لەسەر بەستنەوە و بە ئەلیكترۆنی كردنی سەرجەم بانكەكان دەكات. لە ئێستاشدا كارەكان لە قۆناغی كۆتاییەو ٩٠٪ی تەواو بووە، بۆ ئەوەی بتوانرێت وەك بانكەكانی وڵاتانی جیهان سەرجەم كارەكانی خۆی و مامەڵە داراییەكانی تێیدا ڕایی بكات.

*** پێشینەكان گرنگی و ڕۆڵی خۆیان هەیە لە پێشخستنی ئەو بوارانە، ئایا پرۆژەتان بۆ بەردەوامی ئەو پێشینانە لەساڵی نوێدا هەیە؟**

- بەڵێ پرۆژەمان بۆ بەردەوامبوونی پێشینەكانی (هاوسەرگیریی و خانووبەرەو كشتوكاڵ و پیشەسازیی و گەشتوگوزار) هەیەو بەو ئومێدەین ئەو پێشینانە لە ساڵی ئاییندە بەردەوام بن.

*** تاچ ڕاددەیەك كار بۆ ڕێكخستنەوەی مووچە دەكرێت بەتایبەتی مووچەی پلە نزمەكان؟**

- سیستەمی مووچە لە هەرێمی كوردستان و عێراقدا مەركەزییە و هەر گۆڕانكارییەك لە سیستەمی مووچە لە عێراق بكرێت هەرێمی كوردستانیش وەك بەشێك لە عێراقی فیدراڵ دەگرێتەوە بە تایبەتی مووچەی پلە نزمەكان.

*** بۆ ساڵی نوێ هیچ پلانێك هەیە بۆ دامەزراندن؟ ئایا بوونی ئەو هەموو فەرمانبەرە لە كەرتی حكومی ئاساییە؟ لەكاتێكدا ڕۆتین و بیرۆكراتیەت و بێ بەرهەمی لەكەرتی حكومی هەر ماوە؟**

- سەبارەت بە دامەزراندن بۆ ساڵی نوێ بڕیار وایە (١٥٠٠٠) هەزار كەس دامەزرێن، لە ڕاستیدا بوونی ئەو هەموو فەرمانبەرە لە حكومەت بە ئاسایی نازانین لەگەڵ ئەوەشدا حكومەتی هەرێم لە هەوڵی ئەوەدایە چارەسەری ئەم كێشەیە بكات، ئەویش لە ڕێگەی پشتگیری كەرتی تایبەت و گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەران. هاوكات ناشكرێت دەرچووانی كۆلێژ و پەیمانگاكان پشتگوێ بخرێن.

*** دەكرێت بووترێت هەنگاو نراوە بەرەو پەرەپێدانی ئابووری؛ بەڕای بەڕێزت ئاماژەو پێوەرەكان چین و چۆن هەنگاو بۆ بەدەستهێنانی ئەو پەرەپێدانە بنێین؟**

- گرنگترین ئەو هەنگاوانەی لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە پەرەی پێ دەدرێت خۆی لە پرۆژەكانی وەبەرهێنان دەبینێتەوە، كە بۆ ئەمساڵ زیاتر لە (٦) ترلیۆن دینار تەرخانكراوە، هەروەها دابینكردنی ئەمن و ئاسایش هەنگاوێكی گرنگە بۆ ڕاكێشانی كۆمپانیا و سەرمایەدارانی بیانی بۆ ئەوەی كاری وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی ئەنجام بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا یاسای وەبەرهێنان ئاسانكاریی تەواو بۆ كۆمپانیا بیانییەكان دەكات كە بێن لە هەرێمی كوردستان كار بكەن، زۆربوونی ژمارەی كۆمپانیاكان لە هەرێمی كوردستان بەتایبەت لە كەرتی نەوتدا هەنگاوێكی سەركەوتووانەی بوژانەوە و پەرەپێدانی كوردستانە.

*** وەكو وەزیری دارایی و ئابووری تا چ ڕاددەیەك دەسەڵاتەكانتان دابەزاندۆتە خوارەوە، چونكە دانەبەزینی دەسەڵاتەكان كاریگەریی لەسەر زیادبوونی ڕۆتین و لاوازی بەڕێوەچوونی ئیشوكارەكان كردووە؟**

- ئێمە وەك وەزارەتی دارایی و ئابووری حكومەتی هەرێمی كوردستان دەسەڵاتەكانمان وەك پێویست دابەزاندووە و لە ئێستاشدا هەر كەسێك بەپێی دەسەڵاتی خۆی ئیش و كارەكان ڕایی دەكات.

**ناردنی شاند بۆ دەرەوەی وڵات و دامەزراندن بەشێوەی گرێبەست لەحاڵەتی زۆر دەگمەن نەبێت ناكرێت**

**زۆربوونی كۆمپانیاكان لە هەرێمی كوردستان بە تایبەت لە كەرتی نەوتدا هەنگاوێكی سەركەوتووانە و بوژانەوە و پەرەپێدانی كوردستانە**

**بۆ ئەمساڵ زیاتر لە ٦ ترلیۆن دینار بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان تەرخانكراوە**



## پرۆفیسۆر فیلیپ بەتای:

# چوونە دەرەوە لە ڕژێمە دیکتاتۆریەکان و پێنانە نێو زۆنەکانی نادڵنیایی، قۆناغێکی گرنگە بۆ دروستکردنی ڕووبەرێک کە دەکرێت دواتر ببێت بە دیموکراسی

هەر یەکێک لە ئێمە دەتوانێت باس لە گرفتی کۆمەڵگەیی بکات، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لە هەموو ئەم ئەکتەرانە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە کادیس باس لە سەرهەڵدانی تایپێکی دیکە لە هاریکاریی کۆمەڵایەتی، لە ئەکتەری کۆمەڵایەتی، لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەکات کە لەنێو کۆمەڵگە ناسراو و زانراو و ئاشناکانی مۆدێرنیتێدا جێگایان نابێتەوە

ئەوەی گرنگترە بەلامانەوە چوونە نێو کەوالیسەکانی ئەکتەرە؛ چۆنیەتی کارکردنی ئەم ئەکتەرەیە لەنێو کەوالیسەکاندا، چۆنیەتی خۆبیناکردنیەتی وەک کەسایەتیی ئۆتۆنۆمیی خاوەن ماف، چۆنیەتی ململانێیەتی لەپێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیدا

**فلیپ بەتای، پرۆفیسۆر لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پاریس، سەرۆکی کادیس (سەنتەری ڕاڤەکردن و دەستێوەردانی سۆسیۆلۆژی)، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئالان تورێن دروستی کردووە، یەکێکە لەو سۆسیۆلۆگانەی کە لەنێو کێڵگەی ڕۆشنبیریی فەرەنسیدا پێگەیەکی هەژموونداری بەهێزی هەیە، بێهوودە نییە کە تەواوی پرۆفیسۆرەکانی سەنتەر بەگشتی و ئالان تورێن بەتایبەتی وەك سەرۆك و بەڕێوەبەری سەنتەرێکی مێژوویی وەك کادیس دەستنیشانیان کردووە.**

**زیاتر لە ساڵێکە دەمەوێت دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەم پرۆفیسۆرەدا ئەنجامبدەم کە بەباشترین شێوە نوێنەرایەتیی قوتابخانەی ئەکتەر دەکات و کۆی بەرهەمە مەعریفییەکانی لەم بوارەدان. ئەو جەنگە ساردەی کە لەنێوان قوتابخانەی ئەکتەر و قوتابخانەی ڕەخنەدا (کە پیەر بۆردیۆ دامەزرێنەریەتی) هەیە، ئەو ململانێ سەختەی کە لەنێوان قوتابخانەی ئەکتەر و قوتابخانەی پراگماتیسمی لوک بۆلتانسکیدا هەیە، کە لە ئێستادا بوون بە بابەتی سەدان گفتوگۆی زیندوو لە زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستیی فەرەنسیدا، هۆکاری یەکەمی ئەم دیالۆگەی منن لەگەڵ فلیپ بەتایدا. دڵنیام لەوەی کە ئێستا لە هەر کاتێك زیاتر، کێڵگەی زانستیی کوردستانی پێویستی بەم جۆرە لە دیالۆگ و دەیبەیت هەیە. ئەم بەیەكگەیشتنانەو بڵاوکردنەوەیان بە کوردی، چەندین دەرگای دیکە بە ڕووی خوێنەری کوردستانیدا دەکەنەوە، خوێنەرێك کە خەون بە تێپەڕینی سنوورە جوگرافیەکانی فیکرەوە دەبینێت و دەیەوێت ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەکانەوە دەستی لە خودی فیکرە جیهانیەکان گیرببێت.**

**پاش نیوەڕۆیەکی مانگی سێپتەمبەر، لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای پاریس و لە ئۆفیسەکەی خۆیدا بەم شێوەیە دەرگامان لەسەر گفتوگۆکەمان کردەوە.**

**دیمانە: عادل باخەوان**
**تایبەت بۆ گوڵان سازیکردووە**

**گوڵان:** وەك دەزانن نەخشەی کێڵگەی ڕۆشنبیریی فەرەنسی زۆر ئاڵۆزەو هەمیشە لە گۆڕاندایە. لەنێو ئەم نەخشەیەدا پێگە ڕۆشنبیرییەکان لە ململانێی توندان؛ ململانێ لەپێناوی هەژموونکردن بەسەر یەکتریدا، لەپێناوی پەراوێزکردنی یەکتریدا. ئێوە، وەك هەڵگرانی قوتابخانەی ئەکتەر، کە دواتر دەبێت بە خودو پاشان وردە وردە دەگەڕێنەوە سەر چەمکی ئەکتەر، لەکوێی ئەم کێڵگەیەدان؟ چۆن دەستنیشانی پێگەی خۆتان لەنێو کێڵگەی ڕۆشنبیریی فەرەنسیدا دەکەن؟

**فیلیپ بەتای:** ئێوە ئاگادارن کە نەخشەی کێڵگەی ڕۆشنبیریی فەرەنسا زۆر ڕوون نییە، چونکە ئێمە باس لە بۆچوون، فیکر، گریمانە، تێز دەکەین و ئەمانەش خۆیان لە خۆیاندا هەڵگری سروشتێکی لاستیکین و بەیەکجاری و بۆیەکجاری یەکلایی نابنەوە. ئێوەدەزانن، کادیس (سەنتەری ڕاڤەکردن و»تەدەخولی» سۆسیۆلۆژی)، کە لە لایەن ئالان تورینەوە دامەزراوە، بەشدارییەکی گەورە لە سەرلەنوێ دارشتنەوەی سۆسیۆلۆژیاو بیناکردنەوەیدا دەکات. کادیس ئەو سەنتەرەیە کە زیاتر لە هەر ناوەندێکی دیکەی توێژینەوەی زانستی دوورتر دەڕوات، چونکە باس لە فیکرەی «کۆتایی کۆمەڵگە« دەکات، واتە چوونە دەرەوە لەو شتەی کە بەدرێژایی مێژوو ناوی نراوە «کۆمەڵگە«. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر ئێمە پێدەنێینە نێو جەنگەڵەوەو لەگەڵ بەربەریەتدا دەستەویەخە دەبینەوە. بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئەو چوارچێوە چەمکگەراییەی کە سەبارەت بە کۆمەڵگە هەمان بوو، ئەو بۆچوونانەی کە لەسەر فاکتە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ڕێکخستنی چینەکان، لەسەر چۆنییەتی پێکهاتنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کۆتاییان پێدێت و جۆرێکی دیکە لە جیهانی و لە خەیاڵدانی کۆمەڵگەیی لەدایک دەبێت.

بێگومان ئەمەش کارێکی زۆر قورسە، چونکە لە چرکەساتی قەیرانێکدا کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە، قەیرانی ئابووری، قەیرانی دەزگایی، قەیرانی کار، قەیرانی هەموو بوارەکان، هەر یەکێك لە ئێمە دەتوانێت باس لە گرفتی کۆمەڵگەیی بکات، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لە هەموو ئەم ئەکتەرانە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە کادیس باس لە سەرهەڵدانی تایپێکی دیکە لە هاریکاریی کۆمەڵایەتی، لە ئەکتەری کۆمەڵایەتی، لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەکات کە لەنێو کۆمەڵگە ناسراو و زانراو و ئاشناکانی مۆدێرنیتێدا جێگایان نابێتەوە. ڕاستە ئێمە هەر لەنێو مۆدێرنیتێداین، بەڵام ئەوەش ڕاستە تایپە کۆنەکەی کۆمەڵگەی مۆدێرنیتێ کۆتایی پێهاتووە.

لێرەوە ئێمە بانگەشە بۆ تایپێکی دیکە لە کۆمەڵگە دەکەین، تایپێك کە توانای هەرسکردنی هەموو ئەو

ڕووداو و دیاردە نوێیانەی هەبێت کە باسیان دەکەین. تۆ ئاگات لێیە کە لە ئێستادا بەریەککەوتنێکی توند لەنێوان ئەم ڕەگەزانەدا هەیە: گلۆبال (واتە هەموو ئەوشتانەی کە هەڵگری ڕەهەندی گشتین و دەگشتێرنێن)، مۆندیال(هەموو ئەو شتانەی کە جیهانین)، ناسیۆنال (هەموو ئەو شتانەی کە نیشتمانین)، لۆکال (هەموو ئەو شتانەی کە لۆکاڵین). بەریەککەوتنی ئەم ڕەگەزانە زۆر شت دەخاتە ژێر پرسیارەوە، گومان لەسەر زۆر بەڵگەنەویست، دڵنیابوون، باوەڕ، یەقین دروست دەکات.

توێژەرانی ئێمە لە کادیس، لەچەندین ناوچەی جیهاندا، توێژینەوەیان لەسەر ئەم بەریەککەوتنانە کردووەو لەدەرەنجامدا ئێمە تیۆرێکمان لەسەر»خود/زات/سوجێ« داهێناوە، کە چەند دەتوانێت تایپە کۆنەکەی کۆمەڵگەی مۆدێرنیتێ تێپەڕێنێت، هێندەش دەتوانێت تایپێکی تازە لە کۆمەڵگە لەنێو هەمان مۆدێرنیتێدا دروستبکات. تیۆری زات/خود، چەند گومان لەسەر فاکتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێکانیان دروستدەکات، هێندەش خەیاڵدانی نوێ، یادەوەریی نوێ، سیستەمی پێوەندی و ململانێی نوێ پێشکەش دەکات.

لە ئەمڕۆدا چی لەنێو کێڵگەی ڕۆشنبیریی فەرەنسیدا ڕوودەدات؟ کارتۆگرافی (نەخشەی) ئەم کێڵگەیە چۆن و ئێمە لە کوێداین؟ وەك ئێوە دەزانن، لەنێوئەم کێڵگەیەدا و لە ئەمڕۆدا (ئەنتەراکسیۆنیسم) هەژموونێکی بەهێزی هەیە و بەشێکی زۆر لە سەنتەرەکانی توێژینەوە «تەبەنیان» کردووە و وەك میتۆد و جیهانبینی بەکاری دەهێنن. واتە ئەوەی کە هەژموونی کردووە بەسەر کێڵگەکەدا، ئێمەنین، قوتابخانەی زات نییە، تاکگەرایی میتۆدۆلۆژی نییە، سۆسیۆلۆژیای ڕەخنەگری پیەر بۆردیۆ نییە، بەڵکو ئەنتەراکسیۆنیسمە. ئەم ئەنتەراکسیۆنیسمە فەرەنسییە لەیەک کاتدا قوتابخانەی شیکاگۆ و قوتابخانەی فرانکفۆرت لەیەکدەدات و پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، بەتایبەتی لە چرکەساتە میتۆدۆلۆژیەکانیاندا.

**گوڵان:** بەڵام ئێوە لە کادیس کە بانگەشەی جیهانیی بوونتان دەکەن و پێتانوایە هەموو کۆمەڵگەکانی دنیا بەرەو ئەو مۆدێلە هەنگاودەنێن کە ئێوە لە سۆسیۆلۆژیاکەتاندا کاری لەسەردەکەن و ڕۆژانە بنیادیەکەن، دەتوانن پێم بڵێن چۆن و بەچ شێوەیەك ڕووبەڕووی هەژموونی بێ سنووری ئەنتەراکسیۆنیسم دەبنەوە؟

**فیلیپ بەتای:** لەوەڵامدانەوەی ئەم تێبینیەدا پێم خۆشە هەر لەسەرەتاوە بڵێم: ئەنتەراکسیۆنیسم وەك میتۆدی کارکردن هەژموون دەکات و هەژموونی هەیە، نەك وەك تیۆری و جیهانبینی. واتە میتۆدێکە بۆ کارکردنی زانستی، نەك جیهانبینییەك بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەکان.

ئەوەی کە ئێمە لە کادیس جیادەکاتەوە لە ئەنتەراکسیۆنیسم بەتەنها جیهانبینی نییە، بەڵکو میتۆدۆلۆژیایەکی مێژووییە کە ئالان تورێن، دامەزرێنەری خودی کادیس، لەنێو قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پاریسدا، دایهێناوەو لەسەر ئاستی جیهان کاری پێدەکرێت. ئەم میتۆدۆلۆژیایە پێی دەوترێت «تەداخولی سۆسیۆلۆژی» (دەستتێوەردانی سۆسیۆلۆژی)، کە ڕەگوڕیشەکانی لەنێو سۆسیۆلۆژیای «ئەکشن»دایە.

بەڵام ئەگەر ڕێگام پێبدەیت پێمخۆشە، پێش باسکردنی بنەماکانی ئەم میتۆدۆلۆژیایە، گۆشەنیگاکەم لەسەر نەخشەی کێڵگەی ڕۆشنبیریی فەرەنسی تەواوبکەم. ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئاماژەدانە بەو ناوکە بەهێزەی کە لەنێو ئەنتەراکسیۆنیسمی فەرەنسیدا کاردەکات و بە سۆسیۆلۆژیای «پراگماتیست» ناوبانگی دەرکردووە. لوك بۆلتانسکی کە دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیەیە، کە بەداخەوە ئێستا خوێندکارە کۆنەکانی دەرگای سەنتەرەکەیان لەسەر داخستووە و کردوویانەتە دەرەوە (بە پێکەنینەوە). تۆ دەزانیت بۆلتانسکی لە نێو خێزانە سۆسیۆلۆژییەکەی پیەر بۆردیۆدا بوو، لە سەرەتای هەشتاکاندا لە مامۆستاکەی جیا دەبێتەوە، ئێستاش قوتابییەکانی خودی بۆڵتانسکی لێی جیادەبنەوەو شتێک بەناوی پۆست بۆڵتانسکی دادەهێنن. بەهەرحاڵ، ئێستا ئەم قوتابخانەیە سێبەری هەژموونەکەی بەسەر کێڵگەدا کشاوەو خاوەنی پەرادیگمێکی تایبەتە کە تەواو جیاوازە لەو پەرادیگمەی کە ئێمە لە کادیس کاری لەسەردەکەین.

**گوڵان:** کەواتە با ئێمە ئێستا باس لە پەرادیگمەکەی ئێوە بکەین. ئەم پەرادیگمەی ئێوە ڕەگوڕیشەکانی لەکوێدایە، لەسەرچی دروست بووە، بنەماکانی چین، چۆن ئێوە جیاوازن و بەچ شێوەیەك پێتان وایە کە هەژموونی داهاتوو لە دەستی ئێوەدایە؟

**فیلیپ بەتای:** سەرەتاکانی ئەم پەرادیگمەی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیالۆگەی کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لەنێوان ئالان تورێن و تالکۆت پارسۆنسدا دروست دەبێت. دیالۆگی تورێن لەگەڵ سۆسیۆلۆژیای ڕێکخستنەکاندا، لەگەڵ سۆسیۆلۆژیای زانستدا، لەگەڵ سۆسیۆلۆژیای ڕەخنەدا دەمانگەیەنێتە ئەو هەلومەرجەی کە بەشێوەیەکی گشتی چوارچێوەکانی قوتابخانەی خود دابنێین و پێمان وابێت، لە چرکەساتی هەرەسهێنانی دەزگا زەبەلاحەکاندا، کاڵبوونەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەڵوەشانەوەی سنوورە نیشتمانییەکاندا، زیاتر لەهەر کاتێك دەرگاکان

ئێمە ناتوانین ببین بە ئەکتەر تا بە خوددا تێنەپەڕین. لێرەوە یەکەم مەرجی ئەکتەربوون دەبێت بە خودبوون

ئەنتەراکسیۆنیسم میتۆدێکە بۆ کارکردنی زانستی، نەک جیهانبینییەک بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەکان

**قسەکردن لەسەر مرۆڤی تاک وەک ئەکتەری کۆمەڵایەتی، بیناکردنی ئەم مرۆڤە وەک ئەکتەرێکی بەرپرسیار کە لەپێناوی خۆناساندن و بەدەستهێنانی دانپیادانان و سەلماندنی خودی خۆیدا سیستەمەکان، ستراتیژیەکان و میکانیزمەکانی ململانێ دەخاتە کار**

**لەماوەی ڕابردوودا ئێمە لەسەر دوو تەوەرەی سەرەکی کارمانکردووە: یەکەمیان بریتییە لە چۆنیەتی بیناکردنی خود بەدەستی کەسی تاک خۆی و چۆنیەتی «خوداندنی» ئەزموونە بابەتییەکانی دەرەوە؛ دووەمیشیان بریتییە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی**

بەسەر ئەم پەرادیگمەی ئێمەدا دەکرێتەوە.

قسەکردن لەسەر مرۆڤی تاك وەك ئەکتەری کۆمەڵایەتی، بیناکردنی ئەم مرۆڤە وەك ئەکتەرێکی بەرپرسیار کە لەپێناوی خۆناساندن و بەدەستهێنانی دانپیادانان و سەلماندنی خودی خۆیدا سیستەمەکان، ستراتیژیەکان و میکانیزمەکانی ململانێ دەخاتە کار، ئەو ڕووبەرە تازەیەیە کە سۆسیۆلۆژیای ئێمە، بەهێزتر لەهەر سۆسیۆلۆژیایەکی دیکە دەتوانێت بیخوێنێتەوەو کاری لەسەر بکات.

**گوڵان:** بەڵام تۆ کە بەڕێوبەری کادیسیت و لەهەموو کەسێك باشتر دەتوانیت بەناوی ئەم پەرادیگمەوە قسەبکەیت، دەتوانیت پێمبڵێیت: بۆچی ئێوە کە لەهەشتاکاندا تیۆری «ئەکتەر» دادەهێنن و ئالان تورێن کتێبێك بەناوی گەڕانەوەی ئەکتەرەوە دەنووسێت، واز لە وشەی «ئەکتەر» دەهێنن و پەلاماری وشەی «خود» دەدەن و دەیکەن بە جێگرەوەی «ئەکتەر»؟ پێتوانیە ئەم کارەتان لەجێگای خۆیدا نەبو؟ باشتر نەبو واز لە وشەی «ئەکتەر» نەهێنن؟

**فیلیپ بەتای:** ئەم تێبینیە تەواو لەجێگای خۆیدایەو پێمخۆشە ئاگادارت بکەمەوە لەوەی کە بڕیارمانداوە بگەڕێینەوە بۆ هەمان وشەی «ئەکتەر» و لەئێستادا جۆرێك لە کۆدەنگیمان لەسەر ئەم گەڕانەوەیە هەیە.

**گوڵان:** پێموایە کارێکی باشدەکەن!

**فیلیپ بەتای:** لەڕاستیدا ئەم گەڕانەوەیە پاش بیرکردنەوەیەکی درێژ دێت. بە درێژایی نەوەدەکان و پاش دوو هەزار، توێژەرەکانی ئێمە، هەر لە ئالان تورێنەوە تا دەگاتە میشێل ڤیڤیۆرکا، فرانسوا دوبێ، فەرهاد کوسرەوکەڤار، نەیلۆ فەر گولێ، تاد. چەندین توێژینەوەیان لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کرد و لەدەرەنجامدا گەشتنە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانین ئەم جووڵانەوانە وەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پێناسە بکەین؛ چونکە ڕەگەزە میتۆدۆلۆژیەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییان تیادا نییە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە لەنێو ئەم جووڵانەوانەدا «ئەکتەر»مان نییە. بەپێچەوانەوە، بەشێکی زۆر لەو تاکانەی کە ئەم جووڵانەوانە پێکدەهێنن، هەموو ڕەگەزەکانی ئەکتەربوونیان تیادایە.

لێرەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ چەمکی ئەکتەرو بەکارهێنانە سۆسیۆلۆژیەکانی، ئێمە لەبەرامبەر ئەم تاکانەدا بێ چەك دەبین.

کاتێك میشێل ڤیڤیۆرکا کار لەسەر دژە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەکات، کەتیبە سوورەکانی ئیتالیا، ئەندامانی ئەم کەتیبانە هەموو ئەو ئەکتەرانەن کە لەپێناوی ئامانجێکی دیاریکراودا ململانێ دەکەن. ڕاستە ئەمانە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نین، بەڵام ئەوەش ڕاستە



کە بەهەموو مانایەك ئەکتەری کۆمەڵایەتین.

لەماوەی ڕابردوودا ئێمە لەسەر دوو تەوەرەی سەرەکی کارمان کردووە: یەکەمیان بریتییە لە چۆنیەتی بیناکردنی خود بەدەستی کەسی تاك خۆی و چۆنیەتی «خوداندنی» ئەزموونە بابەتییەکانی دەرەوە؛ دووەمیشیان بریتییە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. ئێستاکاتی ئەوەهاتووە کە تەوەرەی سێیەم زیادبکەین کە دەکرێت ناوی بنێن: چۆنیەتی بیناکردنی ئەکتەر لەڕێگای خودەوە. واتە ئێمە ناتوانین ببین بە ئەکتەر تا بە خوددا تێنەپەڕین. لێرەوە یەکەم مەرجی ئەکتەربوون دەبێت بە خودبوون.

**گوڵان:** بەڕێز فیلیپ بەتای، هەموو ئەم تەوەرانە گرنگن، بەڵام من دەمەوێت دەرگای بابەتێکی دیکەت لەگەڵدا بکەمەوە. قوتابخانەی ڕەخنە، بەتایبەتی قوتابخانەی پیەر بۆردیۆ، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك پەنادەبەنە بەر زیاتر لە ڕەگەزێکی وەك: ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی، سێکس، تەمەن، نەوە، بڕوانامە، کولتوور، تاد. ئەمەوێت بڵێم ئایا لای ئێوە تۆرێنیەکان، هەڵگرانی قوتابخانەی خود/ئەکتەر، هەموو ئەم ڕەگەزانە بێمانان؟ ئێوە چۆن لەگەڵیاندا مامەڵەدەکەن؟

**فیلیپ بەتای:** بێگومان هەموو ئەم ڕەگەزانەمان بەلاوە گرنگە، بەڵام ئێمە هەمان مامەڵەی بۆردیۆ یان قوتابخانەی



**ڕاستە کوڕی کرێکارێک شانسی زیاترە کە لەگەڵ کچی کرێکارێکدا خێزان دروستبکات، یان منداڵی دکتۆرێک شانسی زیاترە کە پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی بۆخۆی دابین بکات؛ بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دنیای کۆمەڵایەتی لێرەدا کۆتایی پێدێت و تەواو**

ڕەخنەییـــان لەگەڵدا ناکەین. بۆ ئێمە ئەم ڕەگەزانە تەنها وێنـــەی دۆخێکمان پێدەدەن. واتە ئـــەوان لێرەن بۆئەوەی پێش دەســـتپێکردنی کردەی توێژینـــەوە، فیکرەیەکمان لەسەر بابەتی توێژینەوە لەسەرکراو بخەنە بەردەست. واتە ئێمە وەك بۆردیۆ نایەن یاخـــود نامانەوێت ئەم ڕەگەزانە بەکاربهێنین بۆئەوەی لەڕێگایانەوە تیۆری «سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی» کۆمەڵایەتی بینابکەین.

ڕاستە کوڕی کرێکارێك شانسی زیاترە کە لەگەڵ کچی کرێکارێکدا خێزان دروســـتبکات، یان منداڵی دکتۆرێك شانســـی زیاترە کە پێگەیەکی بەهێـــزی کۆمەڵایەتی بۆخۆی دابین بکات؛ بـــەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دنیای کۆمەڵایەتـــی لێرەدا کۆتایـــی پێدێت و تەواو. بەپێچەوانـــەوە دنیای کۆمەڵایەتی لە سۆســـیۆلۆژیای ئێمەدا لەم خاڵەوە دەســـتپێدەکات. ئـــەوەی بەلای ئێمەوە گرنگـــە، چۆنیەتـــی ئەزموونکردنـــی هەریەکێك لەم ڕەگەزانەیە لەلایـــەن ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە. واتە چـــۆن کرێکارێك یان بۆرژوایـــەك، خوێندکارێك، ژنێك ژنبوونی خۆی وەردەگێڕێتە ســـەر پرۆژیەکی وجودی. چۆن ئەکتەرێکـــی کۆمەڵایەتی دێـــت و هەلومەرجە تایبەتەکـــەی خۆی دەکات بە ئەزمون و ڕایدەکێشـــێتە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی «خودگەرایی»ەوە.

**گوڵان:** کەواتە لە چرکەساتێکی ئاوادا پێگەی مەعریفە لەکوێی سۆســـیۆلۆژیای ئێوەدایە؟ ئێـــوە دەزانن یەکەم ئامانجی سۆسیۆلۆژیا بریتییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لەسەر جیهانی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی کۆمەڵگەبوون، ئەم مەعریفەیە کەوتووەتە کوێی تیۆریەکەی ئێوە؟ هەست بەوەناکەیت سۆسیۆلۆژیاکەتان هێندەی لە «ئەکشن»ی تاکەکانەوە نزیکە و هاوڕێیەتیان دەکات، هێندە مەعریفە بەرهەمنایەنێـــت؟ بەدیوێکی دیکـــەدا دەمەوێت بڵێم: ئەوەندەی «ئەکشـــن»ی ئەکتـــەرە کۆمەڵایەتییەکان ئامانجی ئێوەیە، نیو ئەوەندە بایەخ بە بیناکردنی مەعریفە لەسەر دنیای کۆمەڵایەتیی خودی ئەم ئەکتەرانە نادەن!

**فیلیپ بەتـــای:** بێگومان گرنگی بە مەعریفە دەدەین و لای ئێمـــە بریتییە لەوەی کە ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی والێبکەیـــت کە ســـۆراخی مافەکانی خـــۆی بکات و هەموولایـــەك قەناعەت پێبکات کە بەدەســـتهێنانی ئەو مافانە بەشێکە لە بەڵگەنەویستەکان.

**گوڵان:** بەڵام ئەمە هاوڕێیەتیکردنی «ئەکشـــنە» نەك بەرهەمهێنانی مەعریفە!

**فیلیپ بەتای:** مەبەستان چییە؟

**گـــوڵان:** ئەکتەرێکـــی کۆمەڵایەتی لە چرکەســـاتی بەدیهێنانی «ئەکشـــنێکدایە» کە بریتییە لە قەناعەت پێکردنی ئەوانی دیکە بەوەی کە مافەکانی بەشـــێکن لە بەڵگەنەویســـتەکان. سۆســـیۆلۆژیای ئێوەش دێت و

لەڕێگای «دەستێوەردانەوە» هەموو تەکنیکەکان دەخاتە بەردەست ئەم ئەکتەرە بۆئەوەی ئەم «ئەکشنە»، ئەم ئامانجە بەدیبێنێت. ئەمە ئەو هاوڕێیەتییەیە کە ئاماژەم پێدا.

**فیلیپ بەتای:** بەم مانایە مەعریفە لە هەموو جومگەکاندایە!

**گوڵان:** واتە مەعریفەیەك کە هاوڕێیەتی ئەکتەر دەکات؟

**فیلیپ بەتای:** بەتەنیا نا، بەڵێ، بەڵام بەتەنیا نا. من لە ڕامانەکەی ئێوە تێدەگەم. دەزانم ئەم ڕەخنەیە لە سۆسیۆلۆژیای ڕەخنەوە دێت، بەڵام دڵنیام لەوەی کە لە هەر جومگەیەکدا ئێمە مەعریفە بەرهەمدەهێنین. کاتێك ئێمە کار لەسەر خود دەکەین وەك ئەکتەرێك کە دەتوانێت هەموو ڕەگەزەکانی ژیانی کۆنترۆڵ بکات و ئەزموونی خۆی بەدەستی خۆی و لەنێو خۆیدا دروستبکات، بۆ کارێکی ئاوا، بێگومان پێویستمان بە بەرهەمهێنانی مەعریفە هەیە.

کە من باس لە ئەکتەر دەکەم، لەهەمان کاتدا دەبێت دەستبەرم بۆ هەموو ڕەهەندەکان، بۆ هەموو پانتاییەکان، هەر لە هەژموونەوە تا دەگاتە دێتێرمینیسم، تا دەگاتە پرۆسێسەکانی بەکۆمەڵایەتیکردن، پەروەردە، کولتوور، تاد. هەموو ئەمانە پێویستیان بە بەرهەمهێنانی مەعریفە هەیە.

کاتێك پیەر بۆردیۆ باس لەوەدەکات کە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان بەشداری دەکەن لە دروستکردنی هەژموون لەسەر خۆیاندا، بەشداری دەکەن لە دروستکردنی هەژموونی هەژمووندااران، یاخود کاتێك باس لە چەوسانەوەی ژن لەلایەن پیاوەوە دەکات، باس لە چەوسانەوەی کرێکار لەلایەن خاوەن کارەوە دەکات، کاتێك کلیك لەسەر ڕۆڵی ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی لەدەستنیشانکردنی ڕێڕەوی ژیانی بکەرەکاندا دەکات، هەموو ئەمانە بۆ بەشێك لە کۆمەڵگە ڕاستن، بەڵام بۆ چەندین بەشی دیکە ڕاست نین، هەموو ئەمانە لە ڕووبەرێکدا کاردەکەن و چالاکن، بەڵام لە چەندین ڕووبەری دیکەدا نەکاردەکەن و نەچالاکیشن.

بێگومان ئێمە ئەمانەمان بەلاوە گرنگە، بەڵام ئەوەی گرنگترە بەلامانەوە چوونە نێو کەوالیسەکانی ئەکتەرە؛ چۆنیەتی کارکردنی ئەم ئەکتەرەیە لەنێو کەوالیسەکاندا، چۆنیەتی خۆبیناکردنیەتی وەك کەسایەتیی ئۆتۆنۆمیی خاوەن ماف، چۆنیەتی ململانێیەتی لەپێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیدا، چۆنیەتی ڕێکخستنی سیستەمەکانی ژیانییەتی. ئەمە ئەو ڕووبەرەیە کە پیەر بۆردیۆ و نەوەکانی نایانەوێت لێی نزیک ببنەوە و بیبینن.

هەندێك پێیانوایە کە ئێمە کار لەسەر ئیشکالیەتی «هەیمەنە» ناکەین! ئەمە هەڵەیە، ئێمە زیاتر لە ٤٠ ساڵە کار لەسەر ئەم ئیشکالیەتە دەکەین، بەڵام لە چوارچێوەیەکی جیاوازدا. کاتێك پیەر بۆردیۆ باس لە «هەیمەنە» وەك بەرهەمی هەلومەرجێکی بابەتی کۆمەڵایەتی دەکات، ئێمە دێین و باس لە ململانێی ئەکتەر بۆ چوونەدەرەوە لە «هەیمەنە» دەکەین، ململانێیەك کە لە ئەزموونە تایبەتەکانی خودی ئەکتەرەوە سەرچاوەدەگرێت و هەر لەو نێوەندەشدا بینادەکرێت.

لێرەوە ئێمە بانگەشە بۆ تایپێکی دیکە لە کۆمەڵگە دەکەین، تایپێک کە توانای هەرسکردنی هەموو ئەو ڕووداو و دیاردە نوێیانەی هەبێت کە باسیان دەکەین. تۆ ئاگات لێیە کە لە ئێستادا بەریەککەوتنێکی توند لەنێوان ڕەگەزەکانی وەک گلۆباڵ و مۆندیال و ناسیۆناڵ و لۆکاڵ هەیە

**گوڵان:** بەڵام ئێوە هەست بەوەناکەن کە ئەو ئەکتەرەی لەنێو تێزەکانی ئێوەدا دەق دەگرێت، ئەو ئەکتەرەی کە ئێوە بەردەوام دەیخەنە سەر شانۆ، لەنێو کارگەکاندا، لەنێو بازاڕەکاندا، لەنێو زانکۆکاندا، بەکورتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا واقیعێکی بەرجەستەکراوی نییە و زیاتر لە بیناکردنێکی تیۆری «ئیدیالتیپ»ەوە نزیکە، ئیدیالێك، ئامانجێك کە دەکرێت مرۆڤەکان پێبگەن و بەدیبێنن؟


**فیلیپ بەتای:** ئەمە پرسیارێکی یەکجار ئاڵۆزە!

**گوڵان:** کەواتە با سادەی بکەمەوە. ئایا کەسی تیرۆریست لە تیۆریەکەی ئێوەدا دەتوانێت ببێت بە ئەکتەر؟

**فیلیپ بەتای:** نەخێر ناتوانێت ببێت بە ئەکتەر، بەڵام دەتوانێت ببێت بە «خود/زات». ئەو چوارچێوە کۆنسێپتیولەی کە ئێمە بۆ ئەکتەر پێشنیاری دەکەین جێگای هەموو کەسێکی تیادانابێتەوە. هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە، دیالۆگی ئالان تورێن لەگەڵ تالکۆت پارسۆنسدا ئەم چوارچێوەیەی ڕوونکردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە بەشێك لە خوێنەران و ڕەخنەگرانی قوتابخانەی ئێمە نایانەوێت ئەم چوارچێوەیە وەک خۆی ببینن. تیرۆریست ئەکتەر نییە، چونکە لەیەک کاتدا کار لەسەرخۆکوشتن و کوشتنی ئەوانی دیکە دەکات. بەڵام ئەکتەر کار لەسەر بیناکردنی خود و ئەوانی دیکەش دەکات. بایەخی ئەم جیاکارییەی ئێمە لەوەدایە کە تەنانەت سۆسیۆلۆگێکی وەک پیەر بۆردیۆ، لە کۆتایی ژیانیدا گەڕایەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەی ئێمە کە سەنتەری توێژینەوەکانمان پێکدەهێنێت: بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. هەرچەند ئێمە، دڵنیات دەکەمەوە، لەدەرەوەی ئەم جۆرە ململانێیانەدابن.

**گوڵان:** بەڕێز فیلیپ بەتای، دەتوانیت پێم بڵێیت، لە شەریکە فیکریەکەی ئێوەدا، قوتابخانەی ئەکتەر، ئەوەی لە جیهانی عەرەبیدا ڕوودەدات چییە؟ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی؟ شۆڕش؟ ڕاپەڕین؟ ئێوە چۆن ئەم گۆڕانکاریانە دەبینن؟

**فیلیپ بەتای:** من بە «حەزەرەوە» لەم بوارەدا قسەدەکەم. ئەوەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات زۆر تایبەتە و ناتوانین بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە قسەی لەسەر بکەین. شانۆگەریەکە لە چرکەساتی



نمایشکردندایەو هێشتا تەواو نەبووە. لە میسردا عەسکەرەکان دێن و سەرۆکێك کە بە دەنگی گەل هاتووەتە سەر دەسەڵات لادەبەن و سەرۆکێکی دیکەی هەڵنەبژێردراو لە جێگاکەیدا دادەنێن. ئەمە بەڕاستی جێگای پرسیار و ڕامانە.

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە پێمانوایە کە کاتیگۆری «خود» باشتر دەتوانێت ئەوەی کە لە دنیای ئیسلامیدا ڕوودەدات بخوێنێتەوە تا کاتیگۆری ئەکتەر. ئێمە فەرهاد کوسرەوکەڤار و نەیلۆفەر گولێمان نارد بۆئەوەی لە نزیکەوە چاودێریی ڕووداوەکان بکەن و داتاکان کۆبکەنەوە. لەدەرەنجامی توێژینەوەکانیاندا گەشتنەوە ئەو قەناعەتەی کە ئەم ڕووداوانە هێشتا نەگەشتوونەتە ئاستی چەمکی ئەکتەر و لە چوارچێوەی خود دا ماونەتەوە.

بەهەرحاڵ، چوونەدەرەوە لە ڕژێمە دیکاتۆریەکان و پێنانەنێو زۆنەکانی نادڵنیایی، قۆناغێکی گرنگە بۆ دروستکردنی ڕووبەرێك کە دەکرێت دواتر ببێت بە دیموکراسی. بەدیوێکی دیکەدا، ئێمە چۆن گرنگی بە ئەمەریکای لاتین و ئەورووپا دەدەین، ئاواش گرنگی بە جیهانی ئیسلامی دەدەین و پێمانوایە ئەم سەر زەمینە مناڵدانی دەیان گۆڕانکاریی مەزنی دیکەیە کە دەتوانن کارایی بەسەر ئاڕاستە جیهانییەکانەوە دابنێن.